https://www.doi.org/10.31918/twejer. 21lich.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# وەرگـرتنی وشــە و زاراوە بـە پێی پلانسـازیی زمـانی

پ. ی. د. نەوزاد ئەنوەر عومەر

بەشی زمانی کوردی، فـاکـەڵـتـیـی پــەروەردە، زانکـۆی کـۆیـــە، هـەرێمی کوردستان ـ عێراق

nawzad.anwer@koyauniversity.org

م. خۆشناو عەزیز حەمەئەمین

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکـۆی ڕاپـەڕین، هەرێمی کوردستان ـ عێراق

khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە بواری زاراوەسازیدایە، کاری لە وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە بۆ زمانی کوردی و هۆکار و بنەما و شێواز و جۆرەکانی لە ڕوانگەی پلانسازیی زمانییەوە کردووە، لە ڕاستیشدا ئەم پێواژۆیە ـ وەرگرتن ـ تایبەت بە زمانی کوردی نییە و لە هەموو زمانێکدا هەیە، چونکە هیچ گەل و نەتەوەیەک نییە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و جوگرافی و شارستانییەکانیان و...تاد. پچڕابێت، تاوەکو زمانێکی دابڕاو و دوور لە کاریگەریی زمانە جیهانی و دراوسێییەکانیان بێت، هەروەها زیادبوونی چەمک و واتاکان لە ئەنجامی پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی ژیانەوە، ڕۆژانە چەندین وشە و زاراوە لە گشت بوارەکاندا پێویست دەکەن بێنە ناو زمانەوە، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، گرنگیی پلانی وەرگرتنی وشە و زاراوە لە نێو پلانسازیی زمانیدا بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی و دەستڕاگەیشتنی قسەپێکەرانی بە زانست و زانینە نوێیەکان لە ڕەوتی جیهانیبووندا بخاتەڕوو.

میتۆدی نووسینەوەی بابەتەکە، ڕێبازی شیکاریی پەسنی (وەسفی)یە، سروشتی کارەکەش وایخواستووە، جگە لە پێشەکی، کە سەرەتایەکە بۆ چوونە نێو باسەکەوە دابەشی سەر چوار تەوەرە بکرێت:

تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە "پوختەیەک لە بارەی وەرگرتن و پێواژۆی وەرگرتن"ـەوە، و دووەمیش بۆ "بنەما و هۆکارەکانی وەرگرتنی وشە و زاراوە" تەرخانکراوە، هەرچی تەوەرەی سێیەمیشە تێیدا تیشکخراوەتەسەر "شێواز و ئامانج و جۆر و سەرچاوەکانی وەرگرتن" لە زمانی کوردیدا بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە، تەوەرەی چوارەم و کۆتاییش، کە بە ناونیشانی "پلانی زاراوەسازی لە سیاسەت و پلانسازیی زمانی بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوە"دایە، لە سەرەتادا سیاسەت و پلانی زمان و

زاراوەسازی لە ڕوی تیۆرییەوە خراونەتەڕو، دواتر پلانی زاراوە لە زاراوەسازیی کوردیدا، و دیاریکردنی ڕۆڵی پلانی زاراوە لە زاراوەسازیی کوردیدا نیشاندراوە.

ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، و ڕیزکردنی سەرچاوە سودلێوەرگیراوەکان، لەگەڵ ئەم پوختەیە بوونە کۆتایی ئەم هەوڵە.

وشە کلیلییەکان: زاراوەسازی، وەرگرتن، هۆکار، پلانسازیی زمانی، پلانی زاراوەسازی، وشە و زاراوە.

## وەرگـرتنی وشـە و زاراوە بە پێی پلانسـازیی زمـانی

### ٠ :پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "وەرگرتنی وشە و زاراوە بە پێی پلانسازیی زمانی"یە، هەوڵێکە بۆ نیشاندان و خستنەڕووی بنەما و سەرچاوە و هۆکار و شێوازەکانی هاتنی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە بۆ نێو زمانی کوردی لە ژێر ڕۆشنایی پلانسازیی زمانیدا، چونکە لە ئێستادا گرفتی زاراوەسازی و وەرگرتنی وشە و زاراوە یەکێکە لەو کێشانەی، کە زۆربەی  زانستەکان و زمانەکان وەک ئاستەنگێک تووشی دەبن، بۆیە ئەگەر زانستییانە سەیرنەکرێت و لێی نەتوێژرێتەوە، دەبێتە لەمپەر لە بەردەوامبوونی بوارەکانی، ئەم کارەش ـ وەرگرتن ـ بۆ چەسپاندنی هەم پێویستی بە پلانە و هەم بە پشتگیری سیاسەتی زمانی و زانستی زمانەوانییە.

### ٠ . ١: هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی توێژینەوەکە:

زاراوەسازی، وەک بابەتێکی زیندوو و پێویستی سەردەم لە لای زمانناسان و شارەزایانی زمانەوە جێگەی گرنگیدان و باسێکی زۆرە، بەڵام بوار و لایەنەکانی ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا نەگەیشتوونەتە ئاستی پێویست، یا وەک پێویست نەچوونەتە پێش، کە زمانەوانیی کوردی و خوێنەری کورد تامەزرۆیی بە هۆیەوە بشکێت، بۆیە لێرەدا لەبەر گرنگی و بایەخی بابەتەکە بە جیاواز لە توێژینەوەکانی دیکە، لە تاکە بابەتێکی ئەو زانستە و لە ژێر ڕۆشنایی سیاسەت و پلانسازیی زمانیدا دەتوێژرێتەوە، هەربۆیە  گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە دەگمەنە بە شێوەیەکی وەها فرەوان و تایبەت باس لە وردەکارییەکانی وەرگرتنی وشە و زاراوە، لەگەڵ چۆنیەتیی هاتنی زاراوە و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان کرابێت.

**٠ . ٢: ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە ناساندن و شرۆڤەکردنی چییەتی و چۆنیەتیی وەرگرتن و هاتنی وشە و زاراوەیە لە زمانانی دیکەوە بۆ نێو زمانی کوردی، لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی سیاسەت و پلانسازیی زمانیدا، هەوڵدراوە بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویست چەمک و بنەما و تایبەتمەندی و پێویستییەکانی ئەم دیاردەیە، بە شێوەی تیۆری و کارەکی بخرێنەڕوو، چونکە پلانی زاراوەسازی دەبێت لە گرنگترین چالاکییەکانی زاراوەسازی نبێت، بە تایبەت لەو کۆمەڵانەی ڕوو لە گەشە و پێشکەوتنن.

**٠ . ٣: میتۆد و کەرەستەی توێژینەوەکە:**

هێڵە سەرەکییەکانی ئەنجامدان و نووسینی ئەم توێژینەوەیە بە سوودوەرگرتن لە میتۆد و توێژینەوەی شیکەرەوەی پەسنکەرانەیە، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرچاوە و بەڵگە و نموونەی پێویست بۆ ڕاڤەکردن و نیشاندانی هاتنی وشە و زاراوە و گرنگی و پێویستی و بنەماکانی ئەم دیاردەیە لە نێو زمانەکەماندا، لەگەڵ نیشاندان و دیاریکردنی پلانسازیی زمانی بۆ ئەوەی خێرا و بە وەخت بژار بۆ ئەم پێواژۆیە دروستبکرێت. کەرەستە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکەش ئەو وشە و زاراوانەن، کە لە زمانانی دیکەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردی.

**٠ . ٤: پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بابەت و لایەنە پێوەندیدارەکانی پێواژۆی وەرگرتن بناسێنێت، لەگەڵ نیشاندانی ڕۆڵی پلانسازیی زمانی و زاراوەسازی بۆ بەڕێوەبردنی. بۆ دەستەبەرکردنی ئەم بنەمایانەش سروشتی کارەکە وایخواستووە جگە لە پێشەکی و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، کە سەرەتایەکن بۆ چوونە

نێو باسەکەوە، بە پێی پلانێک دابەشی سەر چوار تەوەرە بکرێت، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، و ڕیزکردنی ئەو سەرچاوانەی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێوەرگیراوە، بەم شێوەیە:

**تەوەرەی یەکەم**: تایبەتە بە "پوختەیەک لە بارەی وەرگرتن و پێواژۆی وەرگرتن"، کە تیشک خراوەتە سەر چەمک و زاراوەی وەرگرتن و وەرگرتنی وشە و زاراوە لە ڕووی فەرهەنگی و زاراوەییەوە، هەروەها هەوڵدراوە زاراوەی گونجاو دیارییبکرێت، ئینجا ئاماژە بە پێواژۆی وەرگرتن و چۆنیەتییەکەی دراوە.

**تەوەرەی دووەم**: ئەم تەوەرەیەش بۆ "بنەما و هۆکارەکانی وەرگرتنی وشە و زاراوە" تەرخانکراوە، کە تێیدا ئاماژە بە گرنگترین بنەما و ستراتیژییەکان لە وەرگرتنی وشە و زاراوەدا دراوە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو هۆکارە ناوەکی و دەرەکییانەی دەبنە ڕێگەخۆشکەر و پێویستی لە هاتنی وشە و زاراوەی زمانانی دیکە بۆ فەرهەنگی زمانی کوردی.

**تەوەرەی سێیەم**: بە ناونیشانی "شێواز و ئامانج و جۆر و سەرچاوەکانی وەرگرتن"ـە، کە لە شێواز و چۆنیەتیی وەرگرتن، ئامانج و مەبەستەکانی وەرگرتن و جۆرەکانی وەرگرتن، لەگەڵ سەرچاوەکانی وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا توێژراوەتەوە.

**تەوەرەی چوارەم:** کۆتایی کارەکەیە بۆ "پلانی زاراوەسازی لە سیاسەت و پلانسازیی زمانی بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوە"، کە تێیدا هەوڵدراوە لە سەرەتادا لایەنی تیۆریی پلانسازیی زمانی و سیاسەتی زمان بە نیشاندانی چەمک و پێناسەی پلانسازیی زمانی و سیاسەتی زمان، لەگەڵ پلانی زاراوەسازیی بخرێتەڕوو، دوای دیاریکردنی مێژووی پلانسازیی زمانی و پلانی زاراوەسازیش، هەوڵی نیشاندانی پلانی زاراوە

له زاراوەسازیی کوردیدا دراوە، دواتر ڕۆڵی پلانی زاراوە لە زاراوەسازیی کوردیدا خراوەتەڕوو.

**تەوەرەی یەکەم**

**پوختەیەک لە بارەی وەرگرتن و پێواژۆی وەرگرتن**

## ١ . ١: چەمک و زاراوەی وەرگرتن و وەرگرتنی وشە و زاراوە

بواری بەکارهێنانی (وەرگرتن) فرەوانە، و تایبەت بە لایەن و بابەتێکی دیاریکراوەوە نییە، بە گوتەیەکی دیکە دەکرێت بگوترێت: لە لایەکەوە زۆر بڵاوە و لە قسەکردن بە فراوانی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ژیان بەکاردەهێنرێت. لە لایەکی دیکەشەوە، دەکرێت وەک وشەیەکی تایبەت لە فەرهەنگێکی پسپۆڕیدا بدۆزرێتەوە، بۆیە لێرەدا لە هەردوو ڕووەکەیەوە نیشاندەدرێت:

### ١ . ١ . ١: لە ڕووی وشەیی و فەرهەنگییەوە

لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێت، کە لە توێژینەوە و نووسینەکاندا جگە لە زاراوەی (وەرگرتن)، (خواستن) یا (خوازتن)، و (قەرزکردن)یش بەکاردێت، کە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا واتایان لە یەک جیاوازە، خواستن لە ڕووی وشەییەوە لە فەرهەنگی (کوردستان)ی دانراوی (گیوی موکریانی) و (خاڵ)ی (شێخ محەممەدی خاڵ)دا بە واتای: (داواکردنی شتێک لە یەکێک بۆ چەند دەمێک)هاتووە (موکریانی، ١٩٩٩: ٣٨٤ & خاڵ، ٢٠٠٥: ١٦٣)، هەروەها لە (هەنبانەبۆرینە)دا (خواستن) و (خواستنەوە)ش بە دوو واتا هاتوون، کە بریتین لە:

(خواستن) بە واتای (داواکردن، ئارەزووکردن) و (خواستنەوە)ش بە واتاکەی (بە ئامانەت وەرگرتن، وەرگرتن بە نیازی

دانەوە)یە، هەروەها (قەرزکردن)یش بە مانای (دەین کردن، وام وەرگرتن) هاتووە (هەژار، ١٣٦٩: ٢٤٨، ٥٧٧). هەرچی (وەرگرتن)ە، ئەوا لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا، بە واتای (سەنن) (سەرچاوەی پێشوو، ٩٢٠) و (هێنانەدەس، دانان، بەکاربردن) (موکریانی، ١٩٩٩: ٨٩٣)، لەگەڵ (گرتنی شتێک بە دەست لە یەکێک، باوەڕکردن بە شتێک و جێگیربوونی لە دڵدا) (خاڵ، ٢٠٠٥: ٤٩٤) هاتووە.

لە ڕووی پێکهاتنەوە (وەرگرتن)یش، ناوی کردار (چاوگ)ی ناسادەیە، لە ناوی کرداری [گرتن] و پێشگری [وەر-]ی وشەداڕێژ پێکهاتووە، یەکێک لە چەمکەکانی ئەم گیرەکە فەرهەنگییەش گەیاندنی مانای (خاوەن/ خاوەندارییەتی)یە (سەرچاوەی پێشوو، ٤٩٣)، بۆیە لەم وشەیەشدا، کە وەکو پێشگرێکی دروستکردنی ناوی کرداری ناسادە هاتووەتەسەر [گرتن] و واتاکەی گۆڕیوە و وشەیەکی نوێی بەرهەمهێناوە، کە (وەرگرتن)ە، بە سەریەکەوە، واتە: بە خاوەنگرتن، یاخود بەدەستهێنان و وەرگرتنی هەر کەرەستە و شتێک لە کەسێک یا لە لایەنێکی دیاریکراوەوە بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو، کە هەر کەس لە بواری پسپۆڕیی خۆی ئەنجامی دەدات.

لە زمانی عەرەبیشدا، لە فەرهەنگەکاندا بەرانبەر (وەرگرتن) هەریەکە لە (أخذ، استلام، تناول، قبض، تسلم) و بۆ (خواستن)یش (طلب، اعارة، استعارة) دانراون (نظام الدين، ١٩٧٧: ٢٦٣، ٧٣٠)، کە هەریەکەیان بۆ بوار و بابەتێکی تایبەتە، سەبارەت بە وەرگرتنی وشە و زاراوەش ئەوا (استعارة الكلمة) و (أخذ الكلمة)بەکاردەهێنن، کە لە ڕوی وشەییەوە (استعارة) ماناکەی دەبێتە (خواستن، وەرگرتنی شتێک لە کەسێک بە شێوەیەکی کاتی) (کەریم، ٢٠٠٦: ٢٢) و (أخذ)یش بە مانای (وەرگرتن، قایلبون، سەندن، ساندن) (نظام الدين، ٢٠٠٧: ١٦) دێت، هەروەها (الاقتراض)یش بۆ ڕێبازی وەرگرتن بەکارهاتووە (تاهیر، ٢٠١٢: ٢٥٧)، کە

له وشەی (قرض)ەوە ڕۆنراوە، بەڵام قەرز زۆرتر بۆ شتی مادديیە، بۆ وشە و زاراوە زۆر گونجاو نییە، چونکە لە فەرهەنگدا ئەم واتایانەی (قەرز، خواستن، وام، دەستیاو، سلفە، ئەو پارە و ماڵەی دەدرێت بە یەکێک بە مەرجێک بیگێڕێتەوە) (کەریم، ٢٠٠٦: ٩٤٨) بۆ نووسراوە.

لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ وەرگرتن (Borrowing) بەکاردێت، کە لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)دا بەم واتایانە بەکارهاتووە (وەرگرتنی پارە، وەرگرتنی وشە یا فرێز یاخود بیرۆکە لە کەسێک یا لە زمانێک یاخود کتێبێکەوە) (Hornby, 2001: 134)، هەروەها (Borrowing word)یش بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوە بەکاردێت، کە ماناکەی دەبێتە (وشەی قەرزکراو) (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو)، لەگەڵ (Loan Word)، کە بە واتای "وشەی وەرگیراو و خواستراو لە زمانێکی دیکە و کراو بە هی خۆ" (قەرەداغی، ٢٠١٢: ٥٤٠) دێت، بەڵام یەکەم گونجاوترە، چونکە (Loan) زۆرتر بۆ قەرزکردنی شتێک کە سوودی بخرێتە سەر بەکاردێت.

هەرچی زمانی فارسیشە بۆ وەرگرتن، دوو وشەی هەیە، (گرفتن)، کە فرەواتایە و لە فەرهەنگدا نزیکەی چل واتای بۆ دانراوە، لەوانە: (وەرگرتن، لێوەرگرتن، وەچنگخستن، خستنە ناو دەست، سەندن، بە زۆر زەوتکردن، ... تاد.) (پور، ٢٠٠٨: ١٠٦٤ ـ ١٠٦٥)ە، لەگەڵ (خواستن)، کە ئەویش لە ڕووی وشەییەوە چەندین مانای هەیە، لەوانە (داواکردن، بانگهێشتکردن، بانگکردن، ویستن، بەنیازبون، گەرەکبوون، پێویستبوون، ...تاد) (سەرچاوەی پێشوو: ٥٣٠)، هەروەها زاراوەی (وامگیری)ش هەیە، کە بە مانای (لێوەرگرتن) دێت (سەرچاوەی پێشوو: ١٠٦٤ ـ ١٠٦٥)، هەرچی وەرگرتنی وشە و زاراوەشە، ئەوا لە فارسیدا زاراوەی تایبەت هەیە، کە بریتییە لە (قرض گیری) و، وەک زاراوەیەکی زمانناسی لە فەرهەنگدا بە مانای "وەرگرتنی وشە لە زمانێکی دیکەوە" تۆمارکراوە، هەروەها "بۆ

وشە وەرگیراوەکانی زمانێکی دیکە"ش زاراوەی (وام واژە) بەکاردێت (سەرچاوەی پێشوو: ٩٨٤، ١٣٤٤).

**١ . ١ . ٢: لە ڕووی زاراوەییەوە**

لە ڕووی زاراوەییەوە، زۆر واتا لە خۆی دەگرێت، زاراوەیەکە لە زمانەوانیی بەراوردکاری و مێژوویی بەکاردەهێنرێت، کە ئاماژە بۆ ئەو فۆڕمە زمانییانە دەکات، کە لە لایەن زمانێک یاخود دیالێکتێکەوە لە زمانێکی دیکەوە وەرگیراون (Crystal, 2003: 56)، بۆیە لە زانستی زاراوەسازی (Terminology)دا وەرگرتن بریتییە لە گواستنەوە و هێنانی وشە و بێژەی بیانی بۆ زمانی خۆماڵی یا زمانی دووەم (وەسمان، ٢٠٠٤: ٦١)، یاخود هەڵگرتنەوە و بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکانە بە (فۆڕم و واتا)وە لە زار و زمانێکی دیکەدا (عەبدول (A)، ٢٠٠٨: ٦٤)، یانیش وشە و فرێزی زمانێکە لە زمانێکی دیکەدا بەکاردەهێنرێت (Webster Merriam, online)، دوای گونجاندنیان لەگەڵ زمانەکەدا کە لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازن، بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین: وەرگرتن بەوە دەگوترێت، کە وشەیەک یا زاراوەیەکی بێگانە بە دەستکاریکردنەوە، یا وەک خۆی بهێنرێتە نێو زمانێکەوە بۆ هەمان واتای خۆی یا واتایەکی نزیک لە خۆی بەکاربهێنرێت، لەو کاتانەی زاراوەیەکی بەجێ و ناسراو دەستنەکەوێت، کە لەو قۆناغ و سەردەمەدا بتوانێت پڕاوپڕ جێگەی ئەو وشە و زاراوە بیانییە بگرێتەوە (باڵدار، ١٩٨٦: ٢٢٢).

**١ . ١ . ٣: کام زاراوەک لە زمانی کوردیدا گونجاوترە؟**

بە هۆی نەبوونی زاراوەیەکی تایبەت، لە زمانی کوردی و توێژینەوە و نووسینە زمانەوانییەکاندا بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوەی زمانێک لە لایەن زمانێکی دیکەوە، وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا (وەرگرتن و خواستن) و (قەرزکردن)یش بەکاردەهێنرێن.

دوای وردبوونەوە لە واتای زاراوەکان دەردەکەوێت، کە (وەرگرتن) گشتیتر و لەبارترە، کاتێک دەگوترێت (لێستاندن، بەدەستهێنان و جێگیربوون) جۆرێک لە خاوەنداریی بۆ ئەو وشە و زاراوەی دێتە نێو زمانەکە و قسەپێکەرانی بەکاریدەهێنن تێدایە، لە بەرانبەردا سەرجەم ماناکانی (خواستن) جەخت لە بارەی کاتیبوونی دیاردەکە دەکەنەوە، هەروەها (قەرزکردن) مەرجی دانەوەی تێدایە، بەڵام مەرج نییە هاتنی وشە و زاراوە بۆ نێو زمان بۆ دەم و کاتێکی دیاریکراو بێت، زۆرجار دەبێتە موڵکی ئەو زمانە و تەنانەت ناسینەوەشی کارێکی ئەستەم دەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم وشانە، ئەم نموونانە دەهێنرێنەوە:

- باپیر کتێبەکەی وەرگرت، کە بە دیاری بۆی هـاتبوو.

- باپیر کتیبەکەی لــە کـتـێـبـخـانـەی زانکـۆ خواست.

- باپیر پـارەکـەی لـە مـن قــەرزکــرد بۆ گـەشـتـەکـە.

لە نموونەی یەکەمدا (کتێبەکە) بووە بە هی (باپیر) و پێویستی بە گەڕاندنەوە نییە، بەڵام لە دووەمدا خاوەنی کتێبەکە، (کتێبخانەی زانکۆ)یە و لەسەر (باپیر)، وەک خوێنەرێک پێویستە ئەو کتێبە بگێڕێتەوە، لە نموونەی سێیەمیشدا پارەکە تەنیا بە شێوەی کاتی بە (باپیر) دراوە، و پێویستییەکەی بۆ پڕکردووەتەوە، لێرەدا مەرجە لەسەری لە کاتی دیاریکراودا بیگێڕێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی (خواستن) لە زانستی ڕەوانبێژیدا بووە بە زاراوەیەکی ئەدەبی و بۆ هونەرێک لە هونەرەکانی ڕوونبێژی بەکاردێت، کە بەرانبەر (Metaphor)ی ئینگلیزی و (الاستعارة)ی عەرەبییە، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی هێمایەک بە پێی (لێکچوونی واتایی) لە شوێنی هێمایەکی دیکە لەسەر تەوەرەی جێنشینی و دەرکەوتنە لەسەر تەوەرەی

هاونشینیدا (صفوی، ١٣٨٣: ١٣٠) یاخود مەبەست لێی "بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ دەربڕینی واتایەکی تر نەک واتا دروستەکەی لەبەر پەیوەندیی لێکچوون لە نێوان هەردوولادا" (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٠: ٨٣)، بەو واتایەی  بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ گەیاندن و دەربڕینی مانایەک بێجگە لە مانا ڕەسەنەکەی، چونکە خواستن لای شارەزایانی ڕەوانبێژی گۆڕینی واتای وشەیەکە، لە واتا بنجی و هۆشەکییەکەیەوە بۆ واتایەکی نوێ، یان بە گوتەیەکی دیکە زیادکردنی واتای کەرەستەیەکی کرتێندراوە لەسەر کەرەستەیەکی دیکەی ئامادەبوو لەنێو ڕستەدا (صفوی، ١٣٨٣: ٢٥٦).

دیارە ئێمە کە باس لە وەرگرتن و هاتنی وشە و زاراوە بۆ نێو زمان دەکەین و توێژینەوەکەمان لە بواری زاراوەسازیدایە، پێویست دەکات دروستترین زاراوە دیاریبکەین، کە ئەویش (وەرگرتن)ە، چونکە لە مەرجە باوەکانی زاراوە بۆ هەر دیاردە و بابەتێک بریتین لە:

١. زیاتر لە زاراوەیەک بۆ چەمک و دیاردە و بابەتێکی زانین و ژیاری و ڕووناکبیری دانەنرێت و بەکارنەهێنرێت.
٢. دوورکەوتنەوە لە زاراوەی دووانە، بەو واتایەی هەر زاراوەیەک بۆ دیاردە و بابەتێک تایبەت بکرێت، بە جۆرێک زاراوەکە زیاتر لە چەمک و واتایەک دەرنەبڕێت، وەک ئەوەی لە (خواستن)دا هەیە کە بۆ ئەدەب و زمان بەکاردێت.
٣. لەبەر ئەوەی هەموو زاراوەیەک وشەیە و گواستنەوەیەتی بۆ واتایەکی نوێتر، ئەگەر بکرێت لە نێوان زاراوەکە و ئەو چەمک و بابەتەی بۆی تەرخاندەکرێت جۆرە پەیوەندییەک هەبێت کارێکی باش دەبێت.

٤. زاراوەکە لە لایەن خەڵکـــی پســـپۆڕ و تایبەتمەنـــدی ئەو بـــوارە و زانستەوە پێشنیازکرابێت، واتە زاراوەدارێژ پسپۆڕی بوارەکەی خۆی بێت، تاوەکو ئەم مەرجانەی پێشەوە بە باشی ڕەچاوبکرێن.
٥. پێکهاتە و شێوەی ڕۆنانی زاراوەکە ئاشکرابێت و بە یەکێک لە یاسا و ڕێگەکانی پەیدابوون و ڕۆنانی زاراوە سازکرابێت.
٦. وردبوونەوە لە واتای زاراوەکە و بەکارهێنانەوەی بۆ هەمان دیاردە و مەبەست یا نزیک لێیەوە لە زماندا، تاوەکو بە ئاسانی لە مێشکی بەکارهێنەرانیدا بچەسپێت و، سەرلێشیوان و ئاڵۆزی نەنێتەوە.
٧. دیاریکردنی واتای زاراوەکە لە ڕێگەی پێناسەکردنیەوە.

(بڕوانە: القاسمی، ١٩٨٥: ٦٨ & عەبدول (B)، ٢٠٠٨: ١٨٤ ـ ١٨٥ & تاهیر، ٢٠١٢: ١٥٨)

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایانە، ئێمە (وەرگرتن) بۆ زاراوەسازی و هاتنی وشە و زاراوە بۆ نێو زمان بەکاردەهێنین و پێمان وایە لە خواستن گونجاوترە.

### ١ . ٢: پێواژۆی وەرگرتن

وەرگرتن، کە لە نووسین و بەرهەمە کوردییەکاندا بە (وەرگرتن، خۆماڵیکردن، کورداندن، کوردێنراو، گونجاندن، گونجێنراو، قەرزکردنی زمانەوانی، قەرزکردنی زاراوە، خواستن و گواستنەوەی وشە و زاراوە...تاد.) باسکراوە. مەبەست لێی ئەوەیە، وشە و زاراوەی زمانێکی دیکە، بە بێ گۆڕین، یا بە گۆڕینێکی تایبەتیی ئەوتۆوە، کە لەگەڵ دەستووری دەنگسازی و وشەسازیی زمانی کوردیدا بگونجێت، وەربگیرێت و بگوێزرێتەوە بۆ نێو فەرهەنگی زمانی کوردی و بەکاربهێنرێت (غەریب، ٢٠١٢: ٢٨)، کەواتە وەرگرتن ڕێگە و ڕێبازێکی

ناڕاستەوخۆی گەشەسەندنی فەرهەنگی هەر زمانێکە، ئەویش لە ئەنجامی یا نەبوونی وشەی تایبەتی بەرانبەر بۆ ناونان یا دانانی بۆ دیاردە و بابەتێک لە زماندا، کە تێیدا پەنادەبرێتە بەر وشە بێگانەکان و لە زمانی دیکەوە بە پێی بنەما و میتۆدە زمانییەکان وەردەگیرێن و بەکاردەهێنرێن (شوانی، ٢٠١٤: ٢١٢)، چونکە ئەگەر زمان بە فرەوانی و هەمەلایەنە لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بەکارهێنرا، ئەوا چ خۆڕسکانە بێت، چ بە هۆی پێویستیی زمانەکەوە بێت بە هەموو لایەکدا پەلدەهاوێژێت و ئاڵوگۆڕی کەرەستەی زمانی دەکات (وەیس، ١٩٨٦: ٢٠٨)، بە جۆرێک لە لایەکەوە دەبێت بە وەرگر و لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە بەخشەر و کەرەستە زمانییەکان لەگەڵ زمانانی دیکەدا دەگۆڕێتەوە، بەو واتایەی لەم پێواژۆیەدا کەرەستە زمانییەکان بە تایبەت وشە و زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە پێویست دەکرێن و وەردەگیرێن (ڕەحیمی، ١٣٨٥: ١٧)، چونکە ژمارەی وشە و کەرەستە زمانییەکانی هەر زمانێک سنووردار و دیاریکراون، لە بەرانبەر واتا و پێداویستییەکانی ژیاندا، کە بێسنوورن کۆتاییان دێت. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی "لەبەر تیشکی ئەو ڕاستییە زمانی و شارستانیەتییەدا، کە دووپاتی لە بنهاتنی وشە دەکات، لە چاو واتا و شمەکەکاندا، دەتوانین بڵێین: لەسەر ئەم زەوییەدا زمانێکی نەتەوایەتی نییە وشە لە زمانێک یان لە چەند زمانێکی بێگانەوە وەرنەگرێت، بۆیە ڕێگەی وەرگرتن یەکێک لە ڕێگەکانی لە دایکبوون و سازکردنی وشە" (بەسیر، ٢٠١٣: ٢٧) لە زمانەکانی دونیا و هەموویان بەم هۆیەوە پێویستییەکانی زمانەکەیان، بە وەرگرتنی تاکە تاکەی کەرەستەکان یا وەرگرتنی بە کۆمەڵ پڕکردووەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی زانا و نووسەران لە بارەی پێواژۆی وەرگرتنی وشە و زاراوە بۆ نێو زمانی خۆماڵی جیاوازە، ئەوروپاییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم دیاردەیان بە نیشانەی کەموکورتی و دواکەوتنی زمان دانەناوە، بەڵکو بە کارێکی ڕۆشنبیری و ئاڵوگۆڕی

زانينيان هەژماركردووە، كەچى دواى سەرهەڵدانى هەندێك نەتەوەى ناوچەيى لە ئەوروپا و پەيدابوونى بيرى دەمارگيرى لە لاى خەڵكەكە، هەندێك لە پێشەوا و سەركردەكان، وەكو (هيتلەر) لە ئەڵمانيا و سەركردەكانى يەكێتيى سۆڤيەت و (مستەفا كەمال) لە توركيا، توانستى خۆيان خستووەتەگەڕ، كە زمانەكەيان بژاربكەن و لە وشەى بێگانە پاكيبكەنەوە، كەچى ئەنجامى كارەكەيان بێهودە و بێسوود دەرچووە، بۆيە لە ئێستادا كەس ناتوانێت بڵێت: ئەو زمانە پاك و بێگەردە، يا خاڵييە لە كەرەستەى زمانانى ديكە، ئەگەر ئەمەش هەبێت تەنيا لە زمانە سەرەتاييە و دوورەپەرێزەكاندايە، كە لەوپەڕى گۆى زەويدا دەژين (أنيس، ١٩٧٨: ١١٩ ـ ١٢٠)، بۆيە "زۆربەى زاناكان بۆ دانان و سازكردنى زاراوە لە هەموو زمانێكى پێشكەوتوودا ڕێبازى وەرگرتن بە كارێكى ڕەوا دادەنێن و لەسەرى كۆكن" (حەميد، ٢٠٠٩: ٤٠)، بە جۆرێك پێيان وايە "وەرگرتنى وشە و زاراوە لە زمانەكانى ترەوە، خەوشێك نييە بە زمانەوە دياربێت و نيشانەى لاوازيى زمان نييە" (عەبدولغەنى، ٢٠١٩: ١٠٤) بە گوتەيەكى ديكە بە بڕواى ئەوانە هيچ زمانێك بە وەرگرتنى چەند كەرەستەيەكى زمانى تووشى گرفت نەبووە و نابێت، بە مەرجێك بە پێى پێويستيى زمانەكە بێت و لە سەر بنەما و ياسا زمانييەكان بێت، نەك دەرگا بخرێتە سەر پشت و زمانەكە پڕبكرێت لە كەرەستەى بێگانە.

كەواتە لە كۆنەوە ئەم دياردەيە لە ئارادابووە و هيچ كەسێك لە سەردەمە كۆن و نوێيەكاندا نكۆڵى لە بوونى نەكردووە، هەروەها تايبەت نەبووە بە زمانێكى دياريكراو، بەڵكو لە نێوان هەموو زمانەكاندا ڕوويداوە، تەنيا بە جياوازيى ئەوەى لە كۆندا وەرگرتن و "خواستنى زمانى (الاستعارة اللغوية) لە زمانى نەتەوە سەركەوتووەكان و پێشكەوتووەكانەوە بەرەو زمانى نەتەوە شكاوەكان و دواكەوتووەكان دەچوو، بەڵام ئێستا بەهۆى پتربوونى پێوەنديى نێوان نەتەوەكان و بڵاوبوونەوەى هۆيەكانى ڕاگەياندن (إعلام) و ئاسانيى هۆيەكانى

گواستنەوە، خواستن تەنانەت لە نێوان ئەو نەتەوانەشدا ڕوودەدات کە لە یەک ئاقاری زانستی و ڕامیاریدان" (غەریب، ٢٠١٢: ٢٨).

جێگەی ئاماژەپێکردنە، کردەی وەرگرتن لە زمانێکی دیاریکراویشدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی جیاوازە، بە جۆرێک ڕێژەی ئاڵوگۆڕییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، بە پێی بواری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو زمانە، هەروەها پێشکەوتنەکانی و چۆنیەتیی پەیوەندی لەگەڵ زمانە دراوسێ و جیهانییەکان و چییەتی و ڕادەی ئەو پەیوەندییە (أنیس، ١٩٧٨: ١١٨ ـ ١١٩)، بەڵگەی ڕاستیی ئەم بۆچوونەش لە زمانی کوردیدا وردبوونەوە و تێڕامانە لە پاشماوە نووسراو و چاپکراوەکانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە نووسەران و دانەرانیان چەندین وشە و زاراوەی دراوسێ و جیهانییان تێدا بەکارهێناون، کەچی لە هەمان کاتدا ئەگەر بە دوای ئەم کەرەستە وەرگیراوانە لە چاپکراوە کوردییەکانی ئەمڕۆدا بگەڕێین ڕاستییەکی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەم ڕاستییەش ئەوەیە کە دەبینین ژمارەی ئەو وشە و زاراوانە لە کەمبووندایە، و وردە وردە بەرەو نەمان دەچن و، نووسەران هەوڵیانداوە دەرگای وەرگرتنی ئەم کەرەستانە دابخەن و کەرەستەی خۆماڵی بخەنە شوێنیانەوە، واتە بە بەردەوامی ئەندامانی کۆمەڵ لە هەوڵی بژاردنی ئەو وشە و زاراوە وەرگیراوانەدان، کە هاتوون و دێنە نێو زمانەکەیانەوە، بە شێوەیەک هەموو نەتەوەیەک هەوڵدەدات ئەوەندەی بۆ بگونجێت کەرەستە وەرگیراوەکان لە زمانەکەیدا بژاربکات و بۆ شت و پێویستییە داهێنراوەکانیش، کە تازە دێنەگۆڕێ، وشە و زاراوەی خۆماڵیی ڕەسەن لەسەر بناخە و ڕێوشوێنی زمانەکەی دابهێنێت (زەبیحی، ١٩٧٨: ٢١)، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە و لە توانستی تاقە کەسدا نییە، لە ڕووی بەرهەمهێنان و شوێنگرتنەوە بێت یا لە بەکارهێناندا، بەڵکو بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوە و نێوەندە ئەکادیمی و ڕاگەیاندنە جۆربەجۆرەکان، لەگەڵ چاودێریی بەردەوام، ئەمە جگە لەوەی سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش کات

و چاوەڕوانییەکی زۆری دەوێت، چونکە وەرگرتن دیاردەیەکی سروشتییە و لە توانستی هیچ کەس تەنانەت دەستەڵاتیشدا نییە، کە بە تەواوەتی ڕێگری لێبکات، بە واتایەکی دیکە ئەم پێواژۆیە هەم پێویستی بە پلانە و هەم بە پشتگیریی زانستی و سیاسی بۆ چەسپاندنی.

**تەوەری دووەم:**

**بنەما و هۆکارەکانی وەرگرتنی وشە و زاراوە**

## ٢ . ١: بنەما و ستراتیژییەکانی وەرگرتن

پێواژۆی وەرگرتن و هێنانی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە، کارێکی لە خۆوە و هەڕەمەکی نییە، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی چەند بنەما و ستراتیژییەکی زمانەوانی و زاراوەسازییەوە جێبەجێبکرێت، ئەوانیش:

### ٢ . ١ .١: خۆماڵیکردنی وشە و زاراوەکە

لێرەدا بۆ ئەوەی وشە و زاراوە وەرگیراوەکە بچێتە نێو زمانە نوێیەکەوە، و وەک کەرەستەیەکی خۆماڵی هەڵسوکەوت بکات، دەبێت لەگەڵ دەستووری زمانە نوێیەکەدا بگونجێنرێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧: ١٣٨)، بەو واتایەی دەبێت بخرێتە نێو یەکێک لەو پۆلە ڕێزمانییانەی زمانە نوێیەکە جیای کردوونەتەوە، ئەگەر ئەم پۆلانەش (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ...) لە نێوان دوو زمانە نوێیەکەدا وەکیەک نەبوو، ئەوا کەرەستە وەرگیراوەکە دەبێت لەم ئاستەشدا بگۆڕێت، بە وێنە ئەو ناوەی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کرمانجیی ژووروو وەردەگیرێت، دەبێت توخمی (جێندەر) نێر یا مێ هەڵبژێرێت، چونکە ناو لەم دیالێکتەدا دوو توخمی هەیە، بە پێچەوانەشەوە ئەو ناوانەی دێنە نێو کرمانجیی نێوەڕاستەوە کێشەی هەڵبژاردنیان لەم ڕووەوە نابێت، چونکە ئەم دیالێکتە گرنگی بە جیاوازیی توخم نادات (فتاح، ٢٠١١: ١٤٥).

**٢ . ١ . ٢: ڕێنووس و گونجانی دەنگی**

وشە و زاراوەی وەرگیراو دەبێت بە ڕێنووسی زمانە نوێیەکە بنووسرێت، لە لایەکی دیکەشەوە چونکە هەر زمانێک دەستووری زاراوەسازی و زمانەوانیی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە کاتێک وشەیەک وەردەگیرێت، دەبێت دەنگەکانی بخرێتە ژێر کارتێکردنی دەنگناسی (فۆنەتیک)ی کوردییەوە، و بەرگێکی خۆماڵی بە بەردا بکرێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧: ١٣٩)، زمانی کوردی سوودێکی زۆری لەم بنەمایە وەرگرتووە، و چەندین وشە دەبینرێن، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا گونجێنراون، بە نموونە، وەک وشەی (تەواو، دەوڵەت، وڵات، ...)، کە لە عەرەبییەوە وەرگیراون، یا وشەکانی (خەبات، خشڵ، ناتر،...)، کە لە زمانی سریانییەوە هاتوونە نێو کوردییەوە (نەبەز، ١٩٧٦: ٧٦)، دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت، هەندێکجار ئەگەر زاراوەیەک لە نێو کۆمەڵێکدا بۆ بیروباوەڕێکی تایبەتی یا داهێنانێکی سەربەخۆ سازکرابوو، ئەوا دەگونجێت بە بێ گۆڕینی دەنگەکانی وەربگیرێت، بەڵام لەم بارەشدا دەبێت هەر بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت (تاهیر، ٢٠١٢: ٢٦٧).

**٢ . ١ . ٣: وشەی خۆماڵی لە بەرانبەر بێگانە و وەرگیراودا**

هەر کاتێک وشەیەکی خۆماڵی و بێگانە شانبەشانی یەکدی هەبوون، ئەوا دەبێت کوردییە خۆماڵییەکە بکرێتە بنەما بۆ زمانی ستاندارد و ئەدەبی، بۆ ئەمەش لە هەر دیالێکتێکەوە وەرگیرابێت گرنگ نییە، بۆ نموونە (زیاتر) و (پتر)، (گەرماو) و (حەمام)... تاد. (نەبەز، ١٩٧٦: ٧٧).

**٢ . ١ . ٤: واتا و ڕەگ و ڕیشەی وشەی وەرگیراو**

هەر کەرەستەیەکی زمانی لە زمانە سەرچاوەکەدا بۆ دیاردە و بابەت و داهێنراوێکی دەستنیشانکراو لە زمانە ڕەسەن و سەرچاوەکەیدا

سازکراوە، دەبێت لە زمانی دووەمیشدا بە وردی بەرانبەر بە هەمان واتا بەکاربهێنرێتەوە بەبێ دەستکاریکردن. بەڵام ئەمە هەموو جارێک پێڕەوناکرێت، هەندێکجار لادان لەم بنەمایە ڕوودەدات، کە ئەمەش لەگەڵ بنەما و یاساکانی وەرگرتندا ناگونجێت، بە نموونە (بەلوعە)، کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە، لە عەرەبیدا بە واتای (زێراب) دێت، بەڵام لە کوردیدا وەک وشەیەک بۆ واتای (الحنیفیة)ی عەرەبی بەکاردێت (بەسیر، ١٩٧٩: ٥٢). لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت کەرەستەی وەرگیراو تایبەت زاراوە لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆیەوە وەربگیرێت، چونکە "بەرهەمی درەختی زمانەکە خۆیەتی" (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو)، نەک لە زمانی نەتەوە باڵادەستەکانەوە وەربگیرێت، چونکە ئەوان لەگەڵ زمانەکەی خۆیاندا گونجاندوویانە.

**٢ . ٢: هۆکارەکانی وەرگرتن و هاتنی وشە و زاراوە**

وەرگرتنی وشە و زاراوە کردەیەکی بەربڵاو و سروشتییە و لە هەموو زمانێکدا ڕوودەدات، بەڵام ئەم کارە لەخۆوە ڕوونادات، تاوەکو چەند هۆکار و پاڵنەرێکی نێوخۆیی و دەرەکی نەبن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، دیارە زۆرینەی هۆکارەکان لە ڕێگەی کرانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵ لەگەڵ پێویستیدا دێنەکایەوە، کە دواجار یەکە و کەرەستەی نوێ لە فەرهەنگی زمانەکەدا پێویستدەکەن، ئەم هۆکار و کاریگەرییانەشی کاردەکەنە سەر فەرهەنگی زمان و گەشەی پێدەدەن بە گۆڕانی کات و شوێن و سەردەم دەگۆڕێن، تەنانەت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازن، سەبارەت بە زمانی کوردی ئەو هۆکارانەی کاریان کردووەتە سەر هاتنی وشە و زاراوە، گرنگترینیان بریتین لە:

### ٢ . ٢ . ١: سەرهەڵدانی دیاردە و کەرەستەی نوێ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا

ئەو زانین و ژیارییە پێشکەوتووەی مرۆڤ بەدەستیهێناوە، لەگەڵ کرانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، کە "بیری داهێنان و ئەفراندنی پەرەپێداوە و چەندین دیاردە و چەمکی نوێ پەیدابوون ...، لە ئەنجامیشدا ئەندامانی هەر یەکێک لەو کۆمەڵگایانە کە ئاشنای چەمکە تازەکە دەبن پێویستییان بە وشە و زاراوەی نوێ دەبێت، بۆ ئەوەی گوزارشت لەو دیاردە نوێیانە بکەن" (برزو & حەمید، ٢٠١٧ : ٢٥٣)، چونکە ناکرێت ئەم دیاردە و شتانە بێناو بمێننەوە، بۆیە هەوڵدەدرێت ئەم کەماسییە پڕبکرێتەوە، ئەگەر بەراوردێکی زمانی کوردی ئەم چەند ساڵەی دوایی بە زمانی ڕابردو بکەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چەندین وشەی نوێباو لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردە و کەرەستەکانەوە هاتونەتە نێوییەوە، لەوانە: [ئەتۆم، وزە، یۆرانیۆم، نایترۆجین، مایکرۆسکۆب، ئۆڤن، مایکرۆ، ... تاد.].

بە هۆی تەکنەلۆژیا و گەشەکردنی ژیاریش، ژمارەیەکی زۆر لە وشە و زاراوەی ئەکادیمی بڵاوبوونەوە، چونکە ئەندامانی هەر کۆمەڵێک، کە ئاشنای ئەو دیاردانە دەبن، پێویستییان بە وشە و زاراوەی نوێ دەبێت، تاوەکو گوزارشتیان لێبکەن، لە نموونەی ئەو وشانەش، کە هاتوونەتە نێو فەرهەنگی کوردییەوە: [لاپتۆپ، مایکرۆسۆفت، داتا، پاسوۆرد، وایفای، لەیزەر، ئۆتۆماتیک، ئۆتۆ، ئایپاد، ... تاد.]. هەروەها بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش، فەرهەنگی کوردی دەیان وشە و زاراوەی نوێی وەکو: [پەیج، لایک، پۆک، بلۆک، فرێند، تویت، پۆست، مێنشن، بیۆ، پڕۆفایل، ... تاد.] تێدا دەرکەوتووە.

### ۲ . ۲ . ۲: هۆکاری جوگرافیا و بەریەککەوتنی زمانی

بەریەککەوتن و تێکەڵبونی دوو زمان کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن، لە ئەنجامی پێویستی یەکێک لەم دوو زمانە بە دەربڕاوێک (النعیمی، ۱۹۸۰ : ۸۰ ـ ۸۱)، بە واتایەکی دیکە ئاوێتەبوونی دوو زمان یا زیادتر لە ڕێگەی هاوسێیەتی و سنووری هاوبەش یاخود پێوەندیی خزمایەتیی زمانی لە نێوانیاندا هۆکارێکی دیکەی گواستنەوەی وشە و زاراوەیە، "کەواتە لەیەکنزیکیی شوێنی جوگرافی نێوان دوو زمان وادەکات، کە کۆمەڵێک وشە و زاراوە بێتە ناو زمانە دراوسێکانەوە و ئاڵوگۆڕببێت" (عەبدولغەنی، ۲۰۱۹: ۱۰۹)، لەم ڕووەوە زمانی کوردی کاریگەریی زمانە دراوسێیەکانی، وەک عەرەبی و فارسی و تورکی لەسەرە، چەندین وشە و کەرەستەی لەم ڕێگەیەوە وەرگرتووە، بۆ نموونە:

ـ وشەی عەرەبی: [زەکات، عەبا، حەکیم، حەسود، ئیمان، زیکر، ئەساس، فرسەت، ... تاد.].

ـ وشەی فارسی: [شیرین، ئاهەنگ، ئاواز، ئەندێشە، وەرزش، ... تاد.]

ـ وشەی تورکی: [قەرەباڵغ، یاپراغ، قورمساغ، قەرداش، قاڵدرمە، قاچاغ، ... تاد.].

### ۲ . ۲ . ۳: هۆکاری ئاینی

بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات ئاین هۆکارێکی سەرەکی و کاریگەربووە لەسەر زمانی زۆرینەیان، بە جۆرێک هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە کاتێک ئاینێکیان پەسەندکردووە، لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا زۆرتر تێکەڵ بە یەکبوون، سەرباری بەجێهێنانی فەریزە و وێرد و کردە ئاینییەکانی دیکە، ئەوا ژمارەیەکی زۆری وشە و زاراوە هاتوونەتە نێو زمانەکەیانەوە، ئەگەرچی ئەو زمانە لە زمانی ئاینەکەشیان جیاوازبووبێت، بۆ نموونە:

دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام ژمارەیەکی زۆر وشە و کەرەستەی ئەو زمانەی وەرگرتووە، کە تا ئێستاش بەکاریاندەهێنێت و، بەشێکیان بوون بە بەشێک لە فەرهەنگی زمانەکە. سەبارەت بە زمانی کوردی و کاریگەرییەکانی ئاین بە گشتی و ئاینی ئیسلام بە تایبەتی لەسەری، بە هۆی ئەوەی "کورد یەکێکە لەو میللەتانەی زۆر لە زووەوە موسڵمان بووە و لە پێناو ئیسلامدا شەڕی زۆری کردووە و زانای گەورەی لە بواری نووسینی: فیقە، تەفسیر، کەلام، زمان ... تێدا هەڵکەوتووە و کەم دێ هەیە، مزگەوتی تێدا نەبێ" (ئەمین،١٩٩٧ : ٢٧٦)، ئەوا بۆیە سەرباری ئەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر بیرکردنەوەی تاکەکان هەبووە، زۆرجاریش ئەم بیرکردنەوە لە ئاخاوتندا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەها لە ژێر کاریگەریی قورئانی پیرۆزدا زانا و توێژەرانی کورد هەوڵیانداوە ئەلفبایەکی تایبەت بۆ زمانی کوردی بنیات بنێن، هەروەها چەندین وشەی قورئانی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە و زمانی کوردییان لە بواری ئایندا دەوڵەمەند کردووە، لە نموونەی ئەم وشانەش: [حەج، زەکات، سونەت، کفر، فەتوا، تەڵاق، کەریم، ڕەحمان، ڕەمەزان، شەعبان، ... تاد.] (عومەر، ٢٠١٧ : ٦٧٢).

## ٢ . ٢ . ٤: هۆکاری شانازیکردن و خۆدەرخستن

خۆلەپێشدانان و منایەتی سیفەتێکی مرۆڤە، کە لە ڕێگەیەوە هەمیشە ئارەزووی لە دەرخستنی توانستەکانیەتی، تا بەو هۆیەوە خۆی لە تاکەکانی دیکە جیابکاتەوە، لە بارەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکانیش، "غەریزەی خۆدەرخستن و شانازیکردن، هەندێکجار، وا لە مرۆڤ دەکات کە چەند وشەیەکی بێگانە وەرگرێ و لە جێگەی وشەی زمانەکەی خۆی بەکاریانبهێنێ بۆ ئەوەی واپیشان بدات کە بە کۆمەڵ بڵێت ڕۆشنبیرە و ئاگای لە دنیا هەیە و زمانی تر دەزانێ" (محمد، ٢٠٠٧ : ٣١)، بوونی ئەو ئارەزووەش لە مرۆڤدا بە لاساییکردنەوە ناودەبرێت، هەروەکو چۆن منداڵ لاسایی دایک و باوک و کەسە گەورەکانی دەوروبەری

دەکاتەوە، بە هەمان شێوە گەورەکان ئارەزووی وەرگرتن و لاساییکردنەوەی هەندێک لە وشە و زاراوەی زمانەکانی دیکە دەکەن (عەبدولغەنی، ٢٠١٩: ١٠٦)، لە کاتێکدا هەندێک لەم وشانەی بەکاریاندەهێنێت زۆر بە ئاسانی و بێ هیچ گرێ و گۆڵێک دەتوانرێت بەرانبەر و هاوواتایان لە زمانەکەی خۆیدا بۆ بدۆزرێتەوە، بە نموونە: [سوپرایز، کۆنتاکت، کەپڵ، دیسپلین، دیفاکتۆ، مایکئەپ، فاستفود، سویت، بێد، ... تاد.].

**٢ . ٢ . ٥: گەشت و گەڕان**

هەموو گەشت و چوونەدەرەوەیەک لە سنووری وڵاتدا بۆ بەکارهێنەری زمانی نەتەوەیی دەبێتە هۆی بینین و ناسینی دابونەریت و خواردن و جلوبەرگ و پێداویستیی نوێ، ئەمە جگە لەوەی پێداویستیی ژیانی ڕۆژانە وای لێدەکات، کە زمانی ئەو شوێنەی بۆی دەچێت بەکاربهێنێت، بۆیە دوای گەڕانەوەی ئەم تاکە و هێنانەوەی کلوتور و کەرەستە و پێداویستیی نوێ لەگەڵ خۆیدا، ئەوا کەرەستەی زمانیش دێنێتە نێو زمانەکەوە، لە نموونەی ئەم وشانەش کە هاتوونە نێو فەرهەنگی کوردییەوە: [گرەیپ فروت، پاستا، لازانیا، بەدی، سێرڤس، گارسۆن، تەلەفریک، ... تاد.].

**٢ . ٢ . ٦: شارەزایی زمان و فێربوونی زمانی دووەم**

جگە لەم هۆکارانەی پێشوو هەنوکە "چەند هۆکارێکی سروشتی و غەریزەییش وا لە مرۆڤ دەکات، کە سەرنجی ڕابکێشێت و بە دوای نهێنیی زمانێکی تر بکەوێت بۆ زێدە زانیاری و فێربوونی زمانانی تر لە پێناو مەرامەکانی ژیانی ڕۆژانە و خەونەکانی دوارۆژی مرۆڤایەتیدا" (محمد، ٢٠٠٧ : ٢٨)، بە جۆرێک زانینی زمانی دووەم لە ئەمڕۆدا بووەتە پێویستییەکی گرنگیی ژیان و بەدەستخستنی کاری باشتر، تەنانەت لە زۆر شوێندا کەسی ڕۆشنبیر و نوخبەش لە ڕێگەیەوە دەناسرێتەوە، هەندێک

لەو خەڵکانەشی کە فێری زمانی دووەم دەبن بۆ خۆلەپێشدانان یا بە دیاردەی زمان تێکەڵکردن، کەرەستەی ئەو زمانانە بەکاردەبەن، هەندێکجاریش دوای ماوەیەک لە لایەن خەڵکی دیکەشەوە دووبارەدەکرێنەوە، لە نموونەی ئەم کەرەستانە: [ڤی ئای پی، مۆدێرن، سپێشیەڵ، پارک، مۆڵ، مارکێتینگ، ... تاد.].

**٢ . ٢ . ٧: بەدەستهێنانی زانست و زانین لە دەرەوەی وڵات و خوێندن بە زمانی دیکە**

لە ئەمڕۆدا خوێندن لە دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانست و زانینی نوێ لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی دونیا بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی و ئاسان، ڕۆیشتنی خوێندکاریش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە لە ڕووی کارتێکردنی فەرهەنگی زمانییەوە "دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو خوێندکارە لەگەڵ گەڕانەوەی چەندین زاراوە و چەمکی زانستی و پسپۆڕی لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە و لە کاتی ئاخاوتندا بەکاریانبهێنێت، بۆیە هەندێکجار ئەو بەکارهێنانە تاکە کەسییە پەلدەهاوێژێت بۆ نێو زمانی گشتی و دەبێت بە بەشێک لە زمانی ئەو کۆمەڵگایانە" (برزو & حەمید، ٢٠١٧ : ٢٥٥) و، لە نموونەی ئەو وشانەی لەم ڕێگەیەوە وەرگیراون، وەکو: [ئۆفەر، سێرتیفیکەیت، دیگری، ئایدینەمبەر، ئیختیساس، قبوڵ، جیداری، ئۆنلاین، سیڤی، لیسانس، دانشگا، خەبگا، ... تاد.].

خوێندن بە زمانی دووەم یا بە زمانێکی دیکە جگە لە زمانی دایک لە قوتابخانە بیانییەکاندا، تایبەت لە قوتابخانە ئینگلیزییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، کاریگەرییەکی دیاریی لەسەر زمانی دایک (کوردی) دروستکردووە، کە زۆرجار فێرخواز پەنا بۆ بەشێک زۆری وشە و زاراوە ئینگلیزییەکان لە ئاخاوتنیدا دەبات، بە شێوەیە سەرەتا کاریگەریی وشەکانی [Hello, Ok, No, Yes]یان لەسەر دەبێت، و بە بەردەوامی لە

ئاخاوتنی ڕۆژانەیدا دەدرەوشێتەوە، دواتر کاریگەریی زمانی ئینگلیزی لەسەری پەل بۆ وشە و زاراوەکانی تایبەت بە ژیانی ڕۆژانە دەکێشێت، بۆ نموونە لە جیاتی وشەی [دایک/ دایە، سێو، مۆز، ... تاد.] ئەوا وشەکانی [مام، ئەپڵ، بەنەنە، ...تاد.] بەکاردەهێنێت (عەبدولغەنی، ٢٠١٩: ١١٠).

**٢ . ٢ . ٨: جەنگ و داگیرکاری**

لە داگیرکاری و سەپاندنی دەستەڵاتیشدا ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیی ڕوودەدات، بە شێوەیەک کە تێیدا بە زۆری زمانی نەتەوەی باڵادەست بەسەر زمانی نەتەوەی داگیرکراودا زاڵدەبێت و بەرەو پوکانەوەی دەبات، لە ئەنجامدا وا لەو زمانە دەکات بکەوێتە وشە و زاراوە وەرگرتن لەم زمانە، هەندێکجاریش لە هەردووک زمانەکە زمانێکی تێکەڵ دروستدەبێت، بە نموونە عەرەب بە هۆی جەنگ و داگیرکارییەوە توانیویەتی زمانەکەی لە زۆر شوێن بکاتە زمانی فەرمی و جێگە بە چەندین زمان لەقبکات، بە جۆرێک زمانی عەرەبی توانیویەتی بەسەر ئارامی لە عێراق و شامدا زاڵبێت، هەروەها بەسەر زمانی قیبتی لە میسر و، بەربەری لە مەغریب و فارسی لە هەندێک لەو شوێنانەی فارسی کۆنیان تێدا بەکارهاتووە (أنیس، ١٩٧٨ : ٢٢)، واتە ئاڕاستەی گۆڕانی زمان لە جەنگ و داگیرکاریدا بە شێوە دیارەکەی، باڵادەستبوونی زمانی دەستەڵاتی داگیرکەرە بەسەر زمانی داگیرکراودا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە مەرج نییە تەنیا زمانی نەتەوە داگیرکەرەکە ببێتە زمانی باڵادەست و هەناردەکەر و پێدەری وشە بە زمانی نەتەوە داگیرکراوەکە، بەڵکو جاری وا ڕوودەدات، کە زمانی نەتەوە داگیرکەرەکە وشە لە زمانی نەتەوە داگیرکراوەکە وەربگرێت، بە تایبەت بۆ ئەو گەل و نەتەوانەی کە ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزە، وەک داگیرکارییە مێژوییەکەی یۆنان لە لایەن ڕۆمانییەکانەوە.

سەبارەت بە زمانی کوردی بە هۆی ئەوەی کوردستان بە درێژایی مێژوو مەیدانی شەڕ بووە و نەتەوەی کوردیش نەتەوەیەکی

ستەملێکراوبووە، بۆیە فەرهەنگی زمانی کوردی پڕیەتی لەو وشانەی تایبەتن بە جەنگ و کاولکاری، کە بە زۆری لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکییەوە هاوردەی زمانی کوردی کراون، لەوانە: [عەسکەر، سوڵتان، ئەمیر، زابت، نەقیب، جاسوس، جاش، مستەشار، خەبیر، فیرار، موتەسەریف، سەیتەرە، مەفرەزە، موتەخەلیف، ئەمن، ئیدارە، ... تاد.].

## ٢ . ٢ . ٩: هۆکاری ئابوری و بارزگانی

بازرگانیش هۆکارێکی دیکەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، چونکە لە ڕێگەی ئەم هۆکارەوە چەندین کەرەستە دێنە نێوەوە، هەروەها بازرگانانیش بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان پێویستییان بە ئاشنابوون بە زمانی دووەم دەبێت، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر فەرهەنگی زمان، بە جۆرێک ئەو گەل و نەتەوانەی لە ڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە پێشکەوتوون، ئەوا لە وشە و زاراوەدا دەوڵەمەندن، چونکە هەر کار و داهێنانێک وشە و زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە، زۆرجار داهێنانەکە لە هەر وڵاتێک بێت ئەوا بە زمانی ئەو وڵاتە ناودەنرێت و بڵاودەبێتەوە (عومەر، ٢٠١٧ : ٦٧٥)، واتە لەبەر پێویستبوونی خۆی و ناوەکەی بە وڵاتاندا بڵاودەبێتەوە و کاردەکاتە سەر زمانانی دیکە، لە نموونەی ئەوانەش: [زەعفەران، شەکر، کافور، شەراب، قاوە، لیمۆ، ...تاد.]، کە دوای گۆڕان و گونجانیان لە زمانی ئینگلیزییەوە هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوە (شوانی، ٢٠٠١ : ٢٣)، هەروەها بە هۆی گۆڕانی باری ئابوورییەوە، کار و پیشەکان تەنانەت ناوی شوێنەکانیش دەگۆڕێن و بە پێی پسپۆڕیان دابەش دەبن، نموونەی هەندێک لەم شوێن و پیشانەی کە زاراوەکانیان لە زمانانی دیکەوە وەرگیراون: [گارسۆن، مەندوب، سەیدەلانی، تاجر، ئەسواق، مۆڵ، کافتریا، ئۆفیس، ڕیسێپشن، ئیستعلامات، مارکێت، ستی سەنتەر، ...تاد.]، یاخود زاراوەکانی تایبەت بە گەشتکردن و مانەوە و گواستنەوەی

کەلوپەلەکانی وەکو [ڤیزا، ترانزێت، پاپۆڕ، تەیارە، گەیت، دایرێکت، گروپ، مۆتێل، هۆتێل، کۆمپانیا، ... تاد.].

**٢ . ٢ . ١٠: نووسەر و توێژەران و بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری**

کاریگەریی تاک بەسەر زمانەکەی لەوەدایە، کە "ڕوناکبیر، نووسەر، پسپۆڕ، لێکۆڵەر، زماناس و زمانزانەکانی هەر نەتەوەیەک، دەستێکی باڵایان، لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی زمانە نەتەوەییەکەی خۆیاندا هەیە. ئەوان دەتوانن بە شێوەیەکی بەردەوام، بە توێژینەوەی ئەکادیمییانە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند بکەن" (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧ : ٢٠٩)، جا لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە کەرەستەی زمانەکەی خۆیانەوە بێت، یاخود بە وەرگرتن لە زمانانی دیکەوە بێت، لە زمانی کوردیشدا بە هۆی پێشکەوتنی ئاستی ئەکادیمی و زیادبوونی توێژینەوەی زانستی لەم سەردەمەدا، چەندین وشە و زاراوەی زمانانی دیکە وەرگیراون، لەوانە: [یۆرانیۆم، پراگماتیک، هایدرۆجینی، سینکرۆنی، دایۆکرۆنی، پێپەر، ئارتیکڵ، ڕیڤیو، ...تاد.].

هەر بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆیەتی و وشە و زاراوەی ئەو سەردەمەی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەمەش بە ئاشکرا لە بزوتنەوەی ئەدەبی کوردیدا ڕەنگیداتەوە، کە "چەندین وشە و زاراوەی عەرەبی بە کاریگەریی خوێندن و ڕۆشنبیری و حوجرە و مزگەوتەکان، کە ئەمەش پاڵنەرێکی ئاینی هەبووە، هاتوونەتە نێو فەرهەنگی زمانی شیعری کلاسیکی کوردییەوە و پانتاییەکی فرەوانیان داگیرکردووە، لەوانە، (سەجع، مولەممەع، فەنا، بەقا، ... تاد) " (برزو & حەمید، ٢٠١٧ : ٢٥٤)، هەروەها زۆرێک لە شاعیرانی کورد جگە لە زمانی کوردی، بە زمانی فارسیش شیعریان نووسیوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر فەرهەنگی کوردی و هاتنەنێوەوەی وشە و زاراوەی ئەو زمانە هەبووە، لەوانە وشەکانی [موشکی، دوڕ، خەتا، خار، ...تاد]، لە لایەکی دیکەشەوە لە


ڕابردوودا [قافیە، عەرووز، تەرجیعبەند، غەزەل، قەسیدە، ...تاد]ی عەرەبی زاراوەی ئەدەبی سەردەمەکە بوون.

**تەوەری سێیەم:**

## شێواز و ئامانج و جۆر و سەرچاوەکانی وەرگرتن

### ٣ . ١: شێواز و چۆنیەتیی وەرگرتن

گواستنەوە و وەرگرتنی وشە و زاراوەکان لە نێوان زمانەکانی دونیادا لە چەندین سەرچاوە و بە چەندین بڕ و شێواز ئەنجامدەدرێت، هەموو ئەمانەش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، تەنانەت لە زمانێکیشەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێن، هەروەها "گرانە دەستنیشانی لێپرسراوی یەکەم لە وەرگرتنی ئەو وشانەدا، دەگمەنە ئەوە بزانین کە یەکەم جار کێ بووە، ئەو زاراوەیەی لە زمانێکی دیکەوە وەرگرتووە و بەکاریهێناوە" (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧: ١٣٢)، هەر چۆنێک بێت مەبەست لە وشەی وەرگیراو، ئەو وشەیە، کە زمانێک لە زمانێکی دیکەوە وەری دەگرێت (الخولی، ١٩٨٢: ٣٤) بە پێی بنەما و ستراتیژی گونجاو، بە گشتی دەتوانرێت بڕ و چۆنیەتیی هاتن و سەرچاوەی کەرەستە وەرگیراوەکانی هەر زمانێک، لەم دایەگرامەدا نیشانبدرێت:




دایاگرامی (١)

هەریەکێک لەم شێواز و چۆنیەتییانەش تایبەتمەندی و بنەمای خۆی هەیە، بەم شێوەیە:

### ۳ . ۱ . ۱: وەرگرتنی بە تاک

لەم جۆرەدا کەرەستەیەکی زمانی بە تەنیا لەناو نووسین و بابەتێکدا، یا گوتار و بەرنامەیەکی ڕاگەیاندن، یاخود بۆ ناونانی دیاردە و بابەتێک وەردەگیرێت و بەکاردەهێنرێت، ئینجا لەوێوە گەشە دەکات، سەرچاوەی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ هەریەکە لە:

### یەکەم: کەسانی شارەزا و لێهاتوو

لەم جۆرەدا "کەسەکان هەریەکەیان بە تاک بەم کارە هەڵدەستن، بێ ئەوەی، پەیوەندییان بە یەکەوە هەبێ، یان لە سەری ڕێککەوتبن" (عەبدوڵلا، ۲۰۰۷: ۱۳۱)، ئەمەش لەوەوە سەرنج دەدرێت، کە هەندێک لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی زمانێکی بیانی یا زۆرتر دەزانن، کاتێک بەم زمانانە دەدوێن و دەنووسن، وشە و زاراوەکانیان بەکاردەهێنن، واتە ئەم وەرگرتنە سەرەتا وەکو کارێکی تاکەکەسی دەستپێدەکات، دواتر لەوانەیە لەمانەوە بەرەو کەسانی دیکە و کۆمەڵ بپەڕێتەوە و ئەوانیش وەریانبگرن و بەکاریانبهێننەوە و لە نێو زمانەکەدا جێگەی خۆیان بگرن و ببنە موڵکی گشتیی زمانەکە.

ئەمەش بە ئاشکرا لە بەرهەمی ئەو نووسەرە فارسانەدا دیارە، کە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا، فێرە عەرەبی بووبوون و جگە لە زمانی فارسی بە عەرەبیش دەیاننووسی، لەو نووسین و بەرهەمانەشدا، کە بە فارسی دەیاننووسین چەندین وشە و زاراوەی عەرەبییان بەکاردەهێنا (أنیس، ۱۹۷۸: ۱۱۸)، یا لە بەرهەمەکانی ڕەوانبێژی و ئەدەبی

کوردیدا وشە و زاراوە عەرەبییەکان لە لایەن نووسەرە یەکەمینەکانەوە بە فراوانی بەکارهێنراون.

**دووەم: ناوەندە ئەکادیمییەکان**

هەروەک چۆن وەرگرتن و گواستنەوەی وشە و زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە لە لایەن تاکەکەسەوە ئەنجامدەدرێت، بە هەمان شێوەش دەزگا زانستییەکانیش پێی هەڵدەستن، وەکو کۆڕی زمانەوانی و زانیاری و ڕاگەیاندنەکان و زانکۆکان و سەرجەم بوارەکانی دیکەی زانین و لیژنە زانستییەکان، بە تایبەت لەو کاتانەی کەرەستەیەکی زمانی پێویست بێت و لە زمانە خۆماڵییەکەدا نەبێت، یا بەو خێراییە بنیاتنەنرێت بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر وەرگرتن و خواستنی لە زمانانی دیکەوە.

**٣ . ١ . ٢: وەرگرتنی بە کۆمەڵ**

لێرەدا بە کۆمەڵ و ژمارەیەکی زۆری کەرەستە پێکەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگوازرێنەوە، بەڵام ئەمەیان لە چاو جۆری یەکەم کەمتر بەرچاودەکەوێت، چونکە "وەرگرتنی بە کۆمەڵ لە زمانی دیکە کاتێک ئەنجامدەدرێ، کە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە هەست دەکەن کەوا پێویستییان بەم وشانە هەیە، یاخود بە هۆی هەندێک هۆکاری وەک:ـ ڕووداوی مێژوویی، کۆمەڵایەتی وەک شەڕ، جەنگی بەربڵاو، داگیرکردن، برسێتی، نەخۆشی، کۆچ، بارکردن، باری نائاسایی، نوێکردنەوەی وڵات، داهێنان، دۆزینەوە مەزنەکان، هۆکاری ئەدەبی، ئاینی و چەندین بواری دیکە، ڕوودەدات" (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧: ١٣١)، کە ئەمەش پەسەند نییە، چونکە فەرهەنگی بنەڕەتیی زمانەکە دەخاتە مەترسییەوە و بەرەو تێکدان و لەنێوچوونی دەبات، هەروەها بە زۆری لە ڕێگەی سەپاندنی زمان و کلتووری زمانی دووەمەوە دەکرێت.

## ٣ . ٢: ئامانج و مەبەستەکانی وەرگرتن

هەروەک چۆن بڕ و ئەندازەی کەرەستەی وەرگیراو لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە جیاوازە، بە هەمان شێوە ئامانج و مەبەستەکانی وەرگرتن و گواستنەوەی وشە و زاراوەش جیاوازن، دوای سەرنجدان دەکرێت هەرە گرنگەکانیان لەمانەدا بخرێنەڕوو:

### ٣ . ٢ . ١: وەرگرتنی لەبەر پێویستی و ناچارییانە

ئەم جۆرە وەرگرتنە لە ئەنجامی کرانەوەی ژیان و زۆریی کەرەستەی نوێوە، کە بەردەوام دێنەکایەوە، بە ڕادەیەک کۆڕ و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە زاراوەسازی فریای داڕشتنی زاراوە و ناو ناکەون، بۆیە بە ناچاری بابەت و پێویستییەکە بە ناوە بیانییەکەیەوە دێتە نێو وڵاتەکەوە، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەشەوە، لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە کەرەستە و داهێنراوێکی ژیان، یا بابەتێکی زانین و زانست، یاخود بیروباوەڕ و دۆزراوەیەکی سەردەم، تەنانەت جۆرێکی تایبەت لە دار و گوڵ و خواردن و خواردنەوە تایبەت بێت بە ناوچەیەک و لەو شوێنەوە سەرچاوەی گرتبێت و داهێنرابێت، لای گەل و نەتەوەکانی دیکە نەبێت، جا بۆیە هەر کات خەڵکی دیکە پێویستییان بەم بابەتە بێت، ئەوا بە ناچاری بە هەمان وشە و زاراوەی نەتەوە بەرهەمهێنەرەکەیانەوە وەریاندەگرن و بەکاریدەهێننەوە، واتە بەو شێوەیەی لە شوێنە ڕەسەنەکەی خۆیاندا هەبوون، بە نموونە: لە زمانی فارسی (یاسمین ـ Jasmine) و کاتێکیش لە ئەوروپا چاخواردنەوە پەیدابووە، لە چینییەوە (Tea) و ناوی (Chocolate)یش لە زمانی مەکسیکییەوە وەرگیراوە، چونکە تەنیا لەم وڵاتەدا چاندنی (کاکاو) باوە، هەر لەمیشەوە (شوکولاتە) دروستکراوە، هەروەها (شەمپانزی)ش لە زمانەکانی ئەفەریقای نێوەڕاستەوە وەرگیراوە، تەنانەت ئەم کەرەستانە ڕەهەندێکی جیهانییان

وەرگرتووە، و هیچ گەل و نەتەوەیەک لای گران نییە، کە وەریانبگرێت و بەکاریانبهێنێت (أنيس، ١٩٧٨: ١٢١).

**٣ . ٢ . ٢: وەرگرتنی ئارەزوومەندانە و بۆ خۆدەرخستن**

لێرەدا کردەی وەرگرتن بە پێچەوانەی باری یەکەمەوە لەبەر پێویستی و ناچاربوون نییە، تەنانەت هیچ بیانو و پاساوێکی نییە، چونکە زمانەکە پێویستی پێی نییە و کەرەستەکە لە خودی زمانەکەدا بە ئامادەکراوی هەیە، تەنانەن لە بەکارهێنانیشدایە، بەڵام "لێرەدا مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی و بێ بوونی هۆکارێکی پێویست، پەنا بۆ ئەو دیاردەیە دەبات و، کەرەستەی زمانی (واتا و فۆرم) لە زمانی بێگانە دەخوازێت و بەکاریدەهێنێت لە زمانەکەیدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوون و حەزکردن بە لاساییکردنەوەی ئەو زمانە بێگانەیەی کە ئاستێکی زانستی و ڕۆشنبیریی بەرزیان هەیە، بە تایبەتی بە هۆی مەیلی خۆدەرخستن و خۆجیاکردنەوە لە کەسانی ئاسایی، بۆ نموونە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، ئەرستۆکراتەکانی (ڕووس) زمانی (فەرەنسی)یان بۆ گفتوگۆکردن بەکارهێناوە" (حەمید، ٢٠٠٩: ٧٣ ـ ٧٤)، یان لە زمانی کوردیدا مەلا و پیاوە ئاینییەکان جگە لەوەی وشەی عەرەبی بەکاردەهێنن، هەشیانە هەوڵی بەکارهێنانی فۆنەتیکەکەشیان دەداتەوە، ئەمەش تەنیا بۆ خۆجیاکردنەوە و دەرخستنە، یا ئەو کەسانەی ئینگلیزییان لە ئاستێکی باشدایە تەنیا بۆ ئەوەی جیاوازیی خۆیان دەربخەن وشەی ئینگلیزی وەک (مۆدێرن) و (ئەڵتەرناتیڤ) و (لۆکەیشن) و (سێرڤس) و...تاد. بەکاردەهێنن.

**٣ . ٢ . ٣: وەرگرتن بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری**

پێواژۆی وەرگرتن بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری بە زۆری لە نێو ئەو گەل و نەتەوانەدا هەیە، کە لە قۆناغی گواستنەوە و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و سەروەریدان، یان ئەو گەل و نەتەوانەی لە

پەرتەوازەیی و دەربەدەری و ژێردەستەیی ڕزگاریان دەبێت، بەو واتایەی جارێکی دیکە بە مەبەستی بنیاتنانەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان وشە و زاراوە لە زمانی نەتەوەیەکی ئاستبەرز وەردەگرن و بەکاریاندەهێنن، چونکە دروستکردن و بەرهەمهێنانی کەرەستەیەکی زۆری زمانی بە خێرایی و لە ماوەیەکی کورتدا لە توانستی هیچ زمان و نەتەوەیەکدا نییە.

**٣ . ٢ . ٤: وەرگرتنی سەپێنراو و بەخورتی**

لە وەرگرتن و گواستنەوەی سەپێنراودا بەبێ ویست و خواستی قسەپێکەرانی زمانی یەکەم بەخورتی وشە و زاراوەی لە زمانی دووەمەوە بۆ دەگوازرێتەوە، ئەمەش بە تایبەت لە کۆمەڵ و وڵاتە ژێردەستە و داگیرکراوەکاندا، یا ئەوانەی زمانی نەتەوەییان تێدا قەدەغەکراوە، لەگەڵ وڵاتە دراوسێکان و ئەوانەی پەیوەندییەکی بازرگانی و ڕۆشنبیری و ڕامیاریی بەهێزیان هەیە ڕوودەدات، واتە لە ئەنجامی ململانێی زمانەکانەوە سەپاندنی وشە و زاراوە دێتەکایەوە، کە تێیدا زمانێکی زاڵ و بەرز وشە و زاراوەی خۆی بەسەر زمانێکی نزم و بەزیودا دەسەپێنێت (حەمید، ٢٠٠٩: ٧٤)، جێگەی ئاماژەپێکردنە لە وەرگرتنی سەپێنراودا "ئەوەنەبێ تەنها زاراوەی زانستی و ڕۆشنبیری بگرێتەوە. هەندێ هۆکار هەن، کە دەبنە هۆکارێکی سەرەکی بۆ پەڕینەوەی وشەی ئاسایی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی" (عەبدولغەنی، ٢٠١٩: ١٠٦)، کە لە ڕاستیدا ئەمە لە توانستی زمانەکە کەم دەکاتەوە، چونکە سەپاندنی وشەی زمانانی بێگانە بەسەر هەر زمانێکدا و بە هەر هۆکارێک، ڕۆڵێکی مەزن لە سنووردارکردنی ئەو زمانەدا دەبینێت، ڕادە و چەندیەتیی بەکارهێنانی هەر زمانێکیش سنووردداربکرێت، ئەوا لە بەرانبەردا توانستەکەشی سنووردار دەبێتەوە (قەرەداغی، ٢٠٠٠: ٨٨).

### ٢ . ٣: جۆرەکانی وەرگرتن لە زمانی کوردیدا

کەرەستە وەرگیراوەکانی زمانی کوردی، وەک هەر زمانێک، بەم شێواز و جۆرانە هاتوونەتە ناوەوە:

#### ٢ . ٣ . ١: وەرگرتنی بێدەستکاری (وەک خۆی)

لەم جۆرە وەرگرتنەدا ناوی هەندێک شت و دیاردە، کە لای ئێمە نەبوون وەک خۆیان و بەبێ دەستکاری هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە، بە نموونە: حەج، زەکات، مەساج، تویت، پۆک، لایک، شەیر... تاد.

#### ٢ . ٣ . ٢: وەرگرتنی گونجێنراو (کوردێنراو)

ئەم دیاردەیە لە زمانانی دیکەشدا هەیە، لە ئینگلیزی (Transliteration) و لە عەرەبیدا (التعریب)ی پێدەگوترێت (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧ : ١٤٣)، لە زمانی کوردیشدا زاراوەی (کوردێنراو)ی بۆ بەکاردێت، کە لە زووەوە سوودی لێبینراوە، بە شێوەیەک وشە و زاراوە وەرگیراوەکان خراونەتە ژێر ڕکێفی زمانی و ڕێنووس و دەنگناسیی کوردییەوە، بەو واتایەی خۆماڵیکراون، و لەگەڵ زمانی کوردیدا گونجێنراون، ئینجا لە زمانی کوردیدا بەکارهێنراون، بە نموونە: (طیارة)ی عەرەبی بە (تەیارە) و (اثبات) بۆ (ئیسپات) گۆڕاوە، هەروەها (بایسکل)ی ئینگلیزیش بە (پاسکیل).

#### ٢ . ٣ . ٣: وەرگرتن بە گۆڕینی واتاوە (واتا گۆڕاو)

یەکێک لە بنەماکانی گواستنەوەی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە واتایە، واتە وشەکە لە زمانی خۆیدا بۆ چ واتا و مەبەستێک بەکارهاتبێت بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکارببرێتەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا وشەی وامان هەیە، ڕوخسار و ناوەرۆکەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو تەنیا ڕوخسار و

فۆڕمی وشەکە گوازراوەتەوە و واتای نزیک یا واتایەکی دیکەی بەبەرداکراوە، بە نموونە: ئەگەر سەرنج بدەین (قتل) عەرەبییەکی ڕووتە و زۆر کەس پێیانوایە بە ڕوخسار و نێوەرۆکەوە هاتووەتە ناو کوردییەوە، بەڵام وانییە، چونکە (قەتڵ) لە عەرەبیدا (کوشتن) دەگەیەنێت بە شێوەیەکی ڕەها، بەڵام (قەتڵ) لە کوردیدا تەنیا بۆ کوشتنی بە ناهەق بەکاردێت... یا وشەی (حورمەت) لە عەرەبیدا (قەدەغە و حەرامبوون) دەگەیەنێت، بەڵام لە کوردیدا ماناکەی گۆڕاوە بۆ (ڕێزگرتن)، یاخود (عاسێ) کە بە عەرەبی (عاصی)یە و هاوواتای (یاخی)ی کوردییە، لە کوردیدا بە مانای (سەخت) بەکاردەهێنرێت، یانیش (مەعتەل)، کە لە (معطل)ەوە وەرگیراوە، لە عەرەبیدا (پەککەوتوو و لەکارخراو)دەگەیەنێت، بەڵام کوردییەکەی (ڕاگرتن و دواخستن)ـە وەکو دەڵێن: چیدی مەعتەڵم/مەحتەلم مەکە، (تەعلیق)یش عەرەبییە و لە ناوی کرداری (علق)ی عەرەبی وەرگیراوە، (علق) بە عەرەبی واتە: (لێی دواو و سەرنجی لەسەر دەربڕی)، بەم جۆرە ـ مانای ناوی کردارە لە عەرەبییەکە دەبێتە (لێدوان و سەرنج لەبارەوە دەربڕین)، بەڵام بە کوردی مانای (پلار و توانج و تانە و تەشەر)ی هەیە (سەید مینە، ٢٠٠٧: ٧٦ ـ ٧٧).

## ٣ . ٣ . ٤: وەرگرتنی کۆی بیانی

وەرگرتن و بەکارهێنانی شێوەی کۆکراوەی وشەیەکی زمانانی دیکەیە لە نێو زمانی کوردیدا، بە گوتەیەکی دیکە "شێوەیەکی ناوی کۆیە بە پێی یاسا و ڕێوشوێنی زمانی نەتەوەیی دروستنەکراوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە زمانێکی بیانییەوە وەرگیراوە. ... لە کوردیدا نمونەی بەرچاو هەن، کە لە زمانی قسەکردن یا نووسین بەکاردێن و لە عەرەبی وەرگیراون وەک: نەقڵیات، نەشریات، مەشڕوبات، ئەفکار، عادات، ئودەبا، ... تاد." (میراودەلی، ٢٠٠٧: ٦٧) هەڵبەت وشەی (عەجایب)یش هەروایە و بە


شێوەی کۆ وەرگیراوە، بەڵام لە کوردیدا هەر مانای تاکی هەیە (سەید مینە، ٢٠٠٧: ٧٧).

### ٣ . ٣ . ٥: وەرگرتنی بچوککراوە و ئابووریکراو

کورتبڕی لەم ڕۆژگار و سەردەمەدا بۆ یەکێک لە تایەتمەندییەکانی پێشکەوتنی زۆر زمان دەگەڕێتەوە، و لە هەموو زمانێکدا چەندین ڕێگە هەن، کە ئیکۆنۆمی تێیاندا ڕۆڵی خۆی لە سازکردنی وشەدا دەبینێت (سالح، ٢٠١٢ : ١٠٦ ـ ١٠٧)، لە هەمان کاتیشدا مانا و واتای کەرەستە سەرەکییەکە دەدەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە هەندێکجار وشەکە بە هەمان فۆڕم بۆ زمانێکی دیکە دەگوازرێتەوە، لەم ڕووەوە زمانی کوردی چەندین فۆڕمی لەم جۆرەی وەرگرتووە، بۆ نموونە: (IELTS)ی ئینگلیزی، کە ئەکرۆنیۆمە جگە لەوەی چووەتە فەرهەنگەوە، چووەتە نێو فەرهەنگی زمانی نەتەوەی دیکەوە، هەروەها (Very Important Person: VIP)یش، کە بە ڕێگەی پێشپیتی سازکراوە، ڕاستەوخۆ بۆ ناو زمانی کوردی و زۆر زمانی دیکە گوێزراوەتەوە، تەنانەت زۆر کەس فۆڕمی سەرەکیی وشەکەش نازانن.

### ٣ . ٤: سەرچاوەکانی وەرگرتنی وشە و زاراوە

سەرچاوەی وەرگرتن و بەکارهێنانی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە، هەروەها لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت، سەبارەت بە زمانی کوردی و فەرهەنگەکەی بە گشتی کەرەستە وەرگیراوەکانی بۆ ئەو سەرچاوانەی ناو دایاگرامی (٢) دەگەڕێنەوە:




دایاگرامی (٢)

ئەو کەرەستە زمانییانەی لە نەتەوە دراوسێکانەوە هاتوونە ناو زمانی کوردییەوە، جگە لە شوێنی کوردستان و مێژووی چەند هەزار ساڵەی، ئەوا دەتوانین بڵێین: بۆ کارتێکردنیان لە زمانی کوردی هەریەکەیان هۆکاری دیکەشی هەبووە، بە جۆرێک:

✐ **<u>زمانی عەرەبی</u>**: پەیوەندیی کورد و عەرەب تەنیا لە سەر بنەمای دراوسێیەتی دانەمەزراوە، بەڵکو هۆکارەکانی [ئاین، ڕامیاری و داگیرکاری، ئابووری، ئەدەبی، ڕاگەیاندن و میدیا، کردنی زمانی خوێندن بە عەرەبی و سیاسەتی ڕاگواستن... تاد.] هۆکاری بەریەککەوتنی زمانی بوون لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا.

✐ **<u>زمانی فارسی</u>**: زمانی کوردی لە تەک زمانی فارسیدا هەردووکیان هیندۆئێرانین، واتە پەیوەندییەکی خزمایەتیی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەک وشەی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو زمانەدا ببینرێن، سەرباری ئەم خزمایەتییە زمانییە، [بازرگانی، داگیرکاری، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی، ئاوارەیی و دەربەدەربوونی میللەتی کورد بۆ ئەم وڵاتە، ڕاگەیاندن و میدیا، ... تاد.] یارمەتی هاتنی کەرەستەی زمانی فارسییان بۆ ناو زمانی کوردی داوە.

✐ **<u>زمانی تورکی</u>**: هەرچی کاریگەریی زمانی تورکییە لەسەر زمانی کوردی، جگە لە هاوسێیەتی، ئەوا دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکارییەکانی هۆکاری هاتنی کەرەستەی زمانی بوون لە زمانی

تورکییەوە بۆ ناو زمانی کوردی، لە ئەمڕۆشدا [بازرگانی و ئابووری، گەشتوگەڕان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ... تاد.] ڕۆڵ لەم تێکەڵکردنە زمانییە دەبینن.

هاتن و بەکارهێنانی زاراوە جیهانییەکانیش بۆ کرانەوەی کوردستان بە ڕووی دونیا، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی بوارەکانی زانین و ژیاری دەگەڕێتەوە، چونکە گۆڕانکارییەکان هێندە زۆر و خێران هیچ زمانێک فریایان ناکەوێت، هەروەها نەبوونی کۆڕێکی ئەکادیمیی چالاک و ناوەند و لیژنەی زانستیی خەمخۆریش هۆکارێکی دیکەی هاتنیانن، بۆیە "نەک هەر لە زمانی کوردیی، بگرە لە سەرجەم زمانەکانی جیهاندا کێشەی زاراوەی جیهانیی هەیە، چۆن وەربگیرێت و چۆن بگۆڕدرێت و وەربگیردرێت بەبێ گۆڕان، ئەگەر گۆڕاش بە چ ڕێبازێک دابڕێژرێت. ئەم کێشانەش لە چەند پرسیارێکدا خۆیان دەنوێنن، ئایا بوونی ئەم زاراوە جیهانییە لە زمانەکەماندا پێویستە؟ ئەگەر پێویست بوو تا چ کاتێک بمێنێتەوە؟ ئایا مانەوەیان هەمیشەییە یا کاتی و قۆناغییە؟" (تاهیر، ٢٠١٢ : ٢٧٦) هەروەها ئەم زاراوانە بوونیان لە هەموو زمانێکدا وەکیەک و بە هەمان بڕە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لە بارەی ئەم بابەتەوە هەیە، کە پێویستییان بە توێژینەوەی زیادترە و بابەتی سەربەخۆیە.

**تەوەری چوارەم:**

**پلانی زاروەسازی لە سیاسەت و پلانسازیی زمانیدا بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوە**

**٤ . ١: لایەنی تیۆریی پلانسازیی زمان و سیاسەتی زمانی**

پلانسازیی زمان (Language Planning) و سیاسەتی زمان (Language Policy) دوو ڕووی دراوێکن، هیچ کامیان بێ ئەوی

دیکەیان بەڕێوەناچێت و بەردەوام نابێت، چونکە هەموو سیاسەتێکی زمانی پێویستی بە پلانێکی ڕێکخراو و ئاڕاستەکراو و کۆنترۆڵکراو هەیە، تا سەرکەوتن بە دەستبهێنێت، بە واتایەکی دیکە سیاسەتی زمانی دەبێت لە نەخشەڕێگەیەکدا بەرجەستە بکرێت، ئەو ڕێگە و ئاڕاستەش بە پلانسازیی زمان ناودەبرێت.

**١ . ١ . ٤: چەمک و پێناسەی پلانسازیی زمان**

لە ڕوانگەی (کۆپێر)ەوە پلاندانان بۆ زمان یا پلانسازیی زمان "هەر جۆرە هەوڵێکی مەبەستدارە، بە ئامانجی شوێندانان لەسەر ڕەوشی زمانی ئەوانی دیکە لە ئاستی فێربوون، ڕۆنان و پێکهاتن، ئەرک و ڕۆڵپێدان بە کۆدە زمانییەکان" (Cooper, 1985: 45)، کە بە چەندین شێوە و لە چەند ڕوانگە و بۆچوونێکەوە ناسێنراوە، لەوانە:

ـ (سەلام ناوخۆش) لە بارەی چەمکی پلانسازیی زمانەوە، دەڵێت: "پلانی زمانی هەوڵێکی سیاسی دروستە لە ئاکامی هەبوونی ڕەوشێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دروستدەبێت و هەوڵدەدات ڕەوشی زمان لە وڵات بگۆڕێت" (ناوخۆش، ٢٠١٠ : ٥١).

ـ "پلانسازیی زمان بریتییە لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی" (جان، ٢٠٠٨ : ٣٩٥).

ـ "پلانسازیی زمان، ئەوەیە کە وا لە فەرهەنگی زمانێک بکرێت هاوتەریب بێت لەگەڵ گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژی و ڕۆشنبیری لە وڵاتێکدا" (غارمادی، ١٩٩٠ : ٢٠٩).

لە کۆی ئەم پێناسانە دەتوانین بڵێین: پلانسازیی زمان کۆمەڵێک هەوڵی ڕێکخراوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاریشەکانی زمان، بۆ

سەقامیگربوون و بەرەوپێشبردنی سیاسەتی زمانی لە وڵاتدا، یان پلانسازیی زمان، ئەو نەخشە و پلانەیە، کە لە لایەن دەستەڵاتێکی حکومی و فەرمییەوە دیاری دەکرێت، تا زمان بەرەو ئاڕاستەیەک ببەن، کە لەگەڵ گەشە و پێداویستییەکانی سەردەمدا بگونجێت، هەروەها "بەشێکی زۆر جێگەی سەرنج لە پلانی زمانیدا پێشخستن و بەرفرەوانکردن و ستانداردکردنی خەزێنەی وشە پسپۆڕییەکانە" (سورخی، ٢٠١٤: ٢٠ ـ ٢١).

## ٤ . ١ . ٢: چەمک و پێناسەی سیاسەتی زمان

هەموو گەل و نەتەوەیەک سیاسەتی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و زمانی و...تاد، خۆی هەیە، کە هەموو ئەمانە لە بناخەدا بەشێکن لەو سیاسەتە گشتییانەی کە دەوڵەتێک یان نەتەوەیەک بۆ مانەوە و سەرکەوتنی خۆی پشتیانپێدەبەستێت، مەبەستیش لە سیاسەتی زمانی ئەو سیاسەتەیە، کە دەوڵەتێک بۆ مەبەستی پاڵپشتیکردن و هاندانی زمانێک، یان چەند زمانێک بۆ ئەوەی ببنە زمانی فەرمی و کارگێڕی، یا ڕێگەگرتن و تەگەرەخستنە بەردەم زمانێک، یان چەند زمانێک بۆ ئەوەی سنووردارکرێن، یان بەکارنەهێنرێن، پێڕەوی دەکات (کولماس، ٢٠٠٩ : ٩٦٧)، گومانیشی تێدا نییە، هەر زمانێک لە بەکارهێنانی ئەم ئامڕازە بێبەش بێت، ئەوا جێگەی خۆی دەدا بە زمانێکی دیکە، کە تاڕادەیەک تەواوتربێ یا دەستپێڕاگەیشتنی بۆ بوارە جۆراوجۆرەکان ئاسانتربێت ( Drama, 2009: 83)، چونکە شتێکی ئاسایی و سروشتییە، کە هەر زمانێک چەند زار و شێوەزارێکی هەبێت، یان کاریگەریی زمانێک یا چەند زمانێکی لەسەر بێت، ئەمەش بە لایەنی کەموکورتیی زمانەکە هەژمارناکرێت، هەروەها لە هیچ شوێنێکی دنیاشدا نەبووە حکومەت و دامەزراوەکان بە یەک چاو سەیری هەموو زار و شێوەزارەکان بکەن و بایەخیان پێبدەن، یان ڕێگە بە تێکەڵاوی و کاریگەریی هەموو زمانەکان بدەن، هەمیشە شێوەیەک لە شێوەکانی دیکە زیادتر جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان دەبێت و

حکومەت دەیخاتە بەرنامەی کارەکانییەوە، ئەمەش سەرەنجام دەبێتە سیاسەتی زمانی وڵاتەکە، هەروەها سیاسەتی زمانی بە زۆری کاری دەوڵەتە، چونکە دەوڵەت توانستی زۆری هەیە.

وەک ئاماژەی بۆ کرا، سیاسەتی زمانی و پلانسازیی زمانی پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، هەمیشە کارکردنیان پێکەوەیە و تەواوکەری یەکدین، چونکە سیاسەتی زمانی بڕیار و ئامانجە، بەڵام پلانسازیی زمان جێبەجێکردنی بڕیارەکە و زەمینەسازییە بۆی، بە گوتەیەکی دیکە: لە پشت هەر سیاسەتێکی زمانی سەرکەوتووەوە پلانێکی تۆکمە و پتەو هەیە، کە لە لایەن شارەزایان و پسپۆڕانەوە ئاڕاستەکراوە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی زمانی دوو لایەنی هەیە، کە پێویستە جیاوازی لە نێوانیاندا بکەین، ئەویش لایەنی کارەکی و ڕەمزی یا تیۆرییە، کاتێک وڵاتێک سەربەخۆیی بەدەستدەهێنێت، بڕیاردەدات، کە زمانێک یا یەکێک لە زارەکان ببێتە زمانی نیشتمانی یا ستاندارد یاخود زمانی کارگێڕی، ئەمە لایەنە ڕەمزییەکەیە، دواتر بە پێی بەرنامە و پلانێک ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات، ئەمەش دەبێتە لایەنە کارەکییەکە، هەندێک جاریش بڕیارەکە بە ڕەمزی دەمێنێتەوە چونکە جێبەجێناکرێت (جان، ٢٠٠٨ : ٢٢٢)، کەواتە ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی تەنیا لە ڕێگەی بنەماکانی پلانی زمانییەوە بەدیدێن و سەرکەوتن بەدەستدەهێنن.

## ٤ . ٢: چەمک و پێناسەی پلانی زاراوەسازی

پلانی زاراوەسازی لەگەڵ پلانسازیی زمانی یەکدی دادەپۆشن بە تایبەتی لە بە گەنجکردنی وشەکاندا، چونکە "پلانی زاراوەسازی بەشێکە لە چالاکییەکانی ستانداردکردن و ڕێکخستن لە پیشەسازی و بوارەکانی دیکەدا. لە لایەکی دیکەشەوە، لە وەرگێڕانی دەقی یاسایی یان دانان و ڕێکخستنی یاسادا بەردەوام پێویستە زاراوەکان پێناسە بکرێن بۆ ئەوەی بە باشی و بە ڕوونی تێیانبگەین" (سەرچاوەی پێشو، ٢٢).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە پلانی زاراوەسازی، مەبەست لەو چالاکییانەیە بۆ پەرەپێدان، پێشخستن، بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی زاراوەی بوارێکی زانستی و پسپۆڕی دەکرێت (ISO, 2010: 1) چونکە یەکخستن و ڕێکخستنی مەبەستدار و ئاگایانەی زاراوەکان دەبێتە هۆی بەرفرەوانبوونی جۆرە زمانییە پسپۆڕییەکان و یەکانگیربوونی زمانەکان لەگەڵ پێویستیی بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان و پەیوەندیکردن، جێگەی ئاماژەپێکردنە، کە زۆرجار پلانی زاراوەسازی هەم پلانی زمانی پێکدێنێت، هەم بە هۆی هەبوونی پلانێکی زمانییەوە پێکدێت (سورخی، ٢٠١٤: ٢١)، واتە دەگونجێت لە یەکدییەوە سەرچاوەبگرن، بۆیە دەکرێت بگوترێت: "ڕێژەی پێکگرێدراوی نێوان پلانی زمانی و پلانی زاراوەسازی بە پێی ئەو بارودۆخە تایبەتانە دیاریدەکرێت، کە کۆمەڵە زمانییەکەی تێدایە" (ISO, 2010: 3).

## ٤ . ٣: مێژووی پلانسازیی زمان و پلانی زاراوەسازی

پلانی زاراوەسازی بەش و لقێکی بچووکی ناو پلانسازیی زمانە، پلانی زمانیش سەر بە زمانەوانیی کارەکییە، کە بۆ یەکەمجار لە لایەن هاگن (Haugen)ەوە لە دەیەی (١٩٦٠) بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکانی بەردەم زمان لە وڵاتی (نەرویج) هێنرایەئارا، ئەویش لە وتارەکەیدا (دیالێکت، زمان، نەتەوە)، کە لە ساڵی (١٩٦٦) بڵاویکردووەتەوە (POUR, 1992: 30)، ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە چارەگی یەکەمی سەدەی نۆزەیەمدا نەرویج لە حوکمڕانیی دانیمارک و زمانی دانیمارکی جیادەبێتەوە لەگەڵ وڵاتی سوید یەکێتییەک پێکدەهێنن، کە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەردەوام دەبێت، ئیتر لەوە بە دواوە نەرویج دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام کێشە و گرفتێکی زۆریان لە زمانی ستاندارد و ڕێنووس و ئەلفبێ و... تاد. هەبوو، بە واتایەکی دیکە نەرویج پێویستی بە زمانێکی سەربەخۆ و خاوەن بنەما هەبوو، تا لە زمانەکانی دیکە

دووربکەویتەوە، ئەم کارەش پێویستی بە بەرنامە و پلان بۆ دارشتن هەبوو (ڕەسوڵ، ٢٠١٠ : ٥).

لە پاش هاگن (Haugen)ەوە چەندین پێداچوونەوەی بۆ کراوە، دواین جار لە لایەن کۆپێر (Cooper) و بەڵدەف (Balduf)ەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە، کە پێیانوایە پلانی زمان دەبێت لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی بەڕێوەبچێت و ڕەچاونەکردنی هۆکارە کۆمەڵایەتی ـ زمانییەکان، وەک ڕوانگە یا پێویستیی ئەو گروپانەی پلانیان بۆ دادەنرێ، پلانەکە بەرەوڕووی شکست دەکاتەوە (سورخی، ٢٠١٤: ٩).

پێواژۆی پلانی زمانی چالاکییەکی دەستەیی و فەرمییە، کە لە لایەن حکومەتەوە یا پارتێکەوە پشتگیری دەکرێت، بە واتایەکی دیکە "پلانرێژیی زمان ... کۆمەڵێک چالاکیی مەبەستدار و بە پلان دەگرێتەخۆ" (خۆشناو، ٢٠١٣ : ١٠١) سەرچاوەکەشی ئەوەیە، کە کێشەیەک لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیی وڵاتەکەدا هەیە پێویستی بە چارەسەرکردن و لێتوێژینەوەیە، چونکە "زمانیش وەک لایەنێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی دەستەڵات بەرنامەی بۆ دادەڕێژێ و بە پێی ئەو بەرنامەیەش گەشەدەکا" (تۆفیق، ٢٠٠٧ : ٤٨) لە ئەنجامیشدا هەر ئەو پلانە زمانییە دەتوانێت زمانەکە لە فەوتان ڕزگاربکات، یان بەرەو ئەو ئاڕاستەیەی ببات، کە دەسەڵاتەکە مەبەست و ئامانجیەتی، بەڵام دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت، کە "پلانی زمانی لەوانەیە لە قۆناغێکی گەشەکردنی زمانێکدا دەستپێبکرێ، کە ئەم زمانە فۆڕمێکی نووسین و تەنانەت هیچ نۆڕمێکی زمانی نەبێت. کەچی پلانی زاراوەسازی پێویستی بە چەسپانێکی ڕێژەیی ڕێزمان و ڕێنووس لە زمانی نووسینە" (سورخی، ٢٠١٤: ٢١).

**٤ . ٤: دیاریکردنی پلانی زاراوە لە زاراوەسازیی کوردیدا**

لە سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە زاراوەسازی یا زاراوەزانی، وەک بابەتێکی گرنگی زمانەوانی دوو لایەن دەگرێتەوە، یاخود دوو ئەرک جێبەجێدەکات، کە بریتین لە:

**یەکەم: دەربڕینی زاراوە**

هێما زمانییە تایبەتییەکانن، کە لە پیشەیەک یا هونەرێک یان زانستێەک یاخود بابەتێکی دیکەدا بەکاردێن.

**دووەم: ناولێنان**

ئەمەیان زۆرتر مەیدانی خوێندن و توێژینەوەیە، بۆ نموونە: لە مەیدانی ناونانی ڕەگەزە ئەدەبی و میتا زمانییەکان، یاخود ناونانی ماددە کیمیاییەکان و ڕووەکان و گیانلەبەراندا.

(غەریب، ٢٠١٢ : ١٢)

هەروەها ئەگەر لەبەر تیشکی مێژوو بڕوانینە تەمەنی زاراوەکانی ئەمڕۆی زمانەکەمان، و سەرچاوەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دیاری بکەین، ئەوا دەبینین:

١. سەرچاوەی سەرەکی و گشتییان لە فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە تاکە کەسییەکان پێکهاتووە.
٢. لەگەڵ سەرچاوە تایبەتی و پسپۆڕییەکان، کە کتێب و نامیلکە و توێژینەوە زانستییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی دەگرێتەوە.
٣. هەروەها بەشێک لەو لیستە سەربەخۆیانەی تایبەتن بە دانان و ئامادەکردنی زاراوە، بۆ نموونە: چوار لیستەکەی زاراوەکانی کۆڕی

زانیاری (بەسیر، ١٩٧٩ : ١٠٦ – ١٠٧).

کەواتە بە گشتی زاراوەسازی، لە نێو گەلی کورددا بە ڕێگەیەکی ناهەمواری پێشکەوتندا تێپەڕیوە، بایەخێکی زۆری پێنەدراوە، هەروەها کەمترین وتار و نووسین و توێژینەوەی لە بارەوە نووسراوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە مێژووی زاراوە لە زمانی کوردیدا بە مێژووی پێشکەوتنی زمانی کوردییەوە پەیوەست بێت (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧ : ١٤)، یاخود ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە "ئەم هەوڵانە هەر کامە بە پێی بارودۆخی تایبەت و تاکەکەسییانە لە دەرەوەی پلاندانانی زمان و زاواوەدا هاتوونەتە ئاراوە. لە ئاستی سەرەوە بۆ خوارەوە پشتگیرییەکی دامەزراوەیی و سیاسییان نەبووە. لە هەمان کاتیشدا، ئەم بەرهەمانە خۆشیان لە چاو ئەو هەموو تیۆر و لیکۆڵینەوانەی لە باری زاراوەسازییەوە بە زمانانی دیکە هەن و ئەو هەموو پێویستییەی لە ئاستە جیاجیاکاندا لە زمانی کوردیدا هەیە، کەم و ناتەواون" (سورخی، ٢٠١٤: ١٣)، هەر چۆنێک بێت لە ئێستادا زاراوەسازیی کوردی، ئەم قۆناغانەی بڕیوە:

قۆناغی یەکەم: پەیدابوونی دێرین و بنجی، کە لە ناخی زمانی کوردییەوە هەڵقوڵاوە و چەسپاوە.

قۆناغی دووەم: قۆناغی دانان و سازکردنی زاراوە، لە ڕێگەی ڕێباز و یاساکانەوە.

(عەبدول، ٢٠٠٨ : ٦٤)

لە ڕاستیشدا قۆناغی دووەم، "هەموو ئەو چالاکییانەیە، کە پێوەندییان بە کۆکردنەوە و شیکردنەوە و ڕێکخستن و دۆزینەوەی هاوواتا (مرادف) و پێناسینی زاراوە هەیە" (غەریب، ٢٠١٢ : ١٧)، بە ئامانجی

دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییانەی تێیدایەتی، کە ئەمەش بە گشتی لە دوو ڕێگەی سەرەکییەوە (دانان و پێکهێنانی زاراوە) و (وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە)، دەکرێت هەریەکەیان بە بێپلان و بە شێوەی هەڕەمەکی و تاکەکەسی، یا بە پێی پلانسازیی زمان و زاراوەسازی ئەنجامبدرێن (جان، ٢٠٠٨ : ٣٢٧)، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەردوو شێوازەکە لە زمانی کوردیدا دەدەین:

## ٤ . ٤ . ١: بە بێپلان و شێوازی هەڕەمەکی

بە هۆی بارودۆخی تایبەتیی وڵاتەکەمانەوە، ئێمەی کورد لە هیچ ڕوویەکەوە بۆمان نەلواوە بایی پێویست، ئامادەی زاراوەسازی بین، تەنیا سۆز و خۆشەویستی وای کردووە لێرە و لەوێ مێرخاسێکی کورد بە ئەرکی ماددی و بە ڕادەی لێهاتوویی خۆی خەریکی گرتنی بەشێکی ئەو کەلێنە زلەی زاراوەی کوردی بووبێت و، خزمەتێکی کردبێت (محەمەد، ٢٠١١ : ٨)، بە شێوەیەک ئەو کەسە بە "تاکە زاراوەیەک یان ژمارەیەکی سنووورداری زاراوەکانەوە خەریکدەبێت. زاراوەسازی تاک لایەنە، لە وەرگێڕان تەکنیکی و پیشەیییەکاندا باوە، لەو شوێنەی کە زاراوەیەکی تایبەت (یان گروپێکی زاراوە تایبەتەکان) بە خێرایی پێویست دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وەرگێڕانێکی تایبەت، ئەم جۆرەی زاراوەسازی زیادتر تاکەکەسییانەیە" (سورخی، ٢٠١٤: ١٦) و لە هەر کات و شوێنێک قسەکەرانی زمان، یاخود نووسەران و توێژەران لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی بارێک بوونەتەوە، کە لە زمانی کوردیدا زاراوەیەک نەبووە بۆی بەکاربهێنن، بە ناچاری وشەیەک یان زاراوەیەکیان لە زمانێکی دیکەوە وەرگرتووە، یاخود بە یەکێک لە یاساکان زاراوەیەکیان بەرهەمهێناوە.

### ٤ . ٤ . ٢: بە پێی پلانسازی و پێڕەومەندانە

ئەمەیان جۆرێک لە "زاراوەسازیی بەکۆمەڵە، کە دەچێتە چوارچێوەی پلانی زاراوەسازییەوە، پەیوەندیی بە هەموو زاراوەکانی بابەتێک لە ژینگەیەکدا یا چالاکییەک لە بوارێکی تایبەتەوە هەیە" (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو)، بە گوتەیەکی دیکە لێرەدا پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییەکانی فەرهەنگی زمان، بە پێی سیاسەتێکی زمانی و لە لایەن دەزگای ئەکادیمی و پسپۆڕەوە دەبێت، چونکە لە ڕاستیدا زاراوەسازی کاری لیژنەیە، بۆیە ئەوانەی زاراوەی زانستی دادەنێن، پێویستە پسپۆڕی زمانەوانی و ئەو زانستەی تێدابێت، کە زاراوەکەی بۆ دادەنێت (بوطاجین، ٢٠٠٩ : ٥٧)، هەروەها لە وەرگرتنی زاراوەدا دەبێت دەزگا و لیژنەی تایبەتی ئەم کارە بکات و ئەزموونی وڵاتان و ڕێژەی وەرگرتن لەبەرچاوبگیرێت.

### ٤ . ٥: ڕۆڵی پلانی زاراوە لە زاراوەسازیی کوردیدا

زمانەوان و شارەزایان جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە پلانی زاراوەسازی دەکرێت هۆیەکی سەرەکی بێت لە هەڵبژاردنی کۆدەکان (Edem, 2000: 10)، بۆیە بوونی پلانێکی ئاگایانە و پێڕەومەندانەی زاراوەسازی مایەی گەشانەوەی زمانە پسپۆڕییەکانە بە پێی پێویستییەکان و پابەندییەکان و پەیوەندیی ژینگەیی، کە ڕۆژانە چەندین زاراوەی پسپۆڕانە لە سەدان زمان لە سەرانسەری دونیادا بەدیدەهێنێت، بەڵام لە بواری نەتەوەیی کارکردن بۆ پلانێکی پێڕەومەندانەی زمانی کوردی کارێکی ئاسان نییە، کێشەیەکی لەم ڕووەوە دێتە سەر ڕێی پلانی زاراوەسازیی کوردی، ئەوەیە کە لە چوارچێوەی پارچەیەکی کوردستان، واتە باشوور دەکرێ کار بۆ پلانێکی وەهابکرێت (سورخی، ٢٠١٤: ٩، ٢٢).

بەم شێوەیە لە بارەی زمانی کوردی و چارەسەرکردنی کێشەی زاراوە، ئەکادیمیای کوردی تاکە دەزگای پەیوەندیدارە بۆ دانان و وەرگرتنی زاراوە، لەبەرئەوەی لە ئەکادیمیا لیژنەیەکی تایبەت بە ناوی لیژنەی زاراوە هەیە، ئەگەرچی ئەم لیژنەیە تاوەکو ئێستاکە وەکو پێویست بە کاری خۆی هەڵنەستاوە، یا بایی پێویست کاری لەسەر زاراوە نەکردووە، بەڵام دەکرێت لەمەودوا ئەو لیژنەیە چالاکبکرێت، چونکە یەکخستنی زاراوە هەوێنی بنیادنانی یەک زمانی زانستییە، هەروەها جگە لە ئەکادیمیای کوردی، کە پێویستە وەک دەزگایەکی ئەکادیمی و دەسەڵاتداری بێلایەن کاربکات، دەبێت:

١. زانکۆ و ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن بە گشتی و بەشە کوردییەکان بە تایبەت.
٢. دەزگا و دامەزراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە.
٣. ڕاگەیاندنە بینراو و بیستراو و خوێنراوەکان.
٤. بەرپرس و لیژنەکانی ئامادەکردنی پێڕەو و پرۆگرامەکانی ناوەندەکانی خوێندن.

هەریەکە لەمانە ئەرکی سەرشانیانە، کە بەردەوام لە هەوڵی پێداچوونەوەی وشە و زاراوە کۆنەکان و بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێدا بن، بۆ بابەتە جۆربەجۆرەکان. لە لایەکی دیکەوە، پلان و سیاسیەتی زمان و زاراوەسازی لەگەڵ پێشنیازکردنی ڕێگەچارەی گونجاو، پێویستی بە ڕەچاوکردنی بابەتی ئاڵۆزی وەک:

- هۆکارە دیمۆگرافییەکان (دابەشبوونی دانیشتوان)

- هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان، ئیتنیکی - (کەلەپوور)، جوگرافیاییەکان - زمانییەکان

ـ هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی (سورخی، ٢٠١٤: ٢٢).

هەروەها پێویست دەکات:

١. (تیۆری گشتیی زاراوەسازی) و بنەماکانی زاراوەسازی بە زمانی کوردی بخوێندرێت.
٢. دروستکردنی بانکی زاراوە، وەک دەزگا و دامەزراوەیەکی سەربەخۆ.
٣. هاندانی توێژینەوە و نووسین لە مەڕ بابەتی تیۆری گشتیی زاراوەسازی و تیۆری تایبەت بە زاراوەکان (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧ : ١٧ – ١٨).

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆی کرد، پێویستە ئێمەش سەرباری جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی پێشوو وەکو وڵاتان بەپێی پلان و بەرنامەی دیاریکراو کار لەسەر زاراوە بکەین، هەروەها دەگونجێت لەم ڕووەوە سوود لە ئەزموون و پلانی وڵاتان، بە تایبەتی وڵاتێکی وەکو (فەڕەنسا) وەربگرین، بەم شێوەیە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرپەرشتیی ئەکادیمیای کوردی لیژنەی گشتیی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی زاراوە لە هەموو وەزارەت و دەستەکان و دامەزراوە ئەکادیمییەکان پێکبهێنێت، کە پێکهاتەی لیژنەکان لە پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان و زمانی کوردی پێکهاتبێت، هەروەها لیژنەکان بە بەردەوامی چاودێریی ڕەوتی پێشکەوتنی زانستی و داهێنان و توێژینەوە بن، بۆ ئەوەی کاتێک شتێکی نوێ دەهێتەکایەوە، یاخود دەدۆزرێتەوە پێش ئەوەی بگاتە خەڵک و بازاڕ ناوی لێبنرێت و زاراوەی بۆ دابنرێت.

هەروەها لیژنەکە دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوەش کار بۆ پێکهێنان و وەرگرتنی زاراوەکە بکات، تاوەکو کەرەستە و دیاردە نوێیەکان بێناو و زاراوە نەمێننەوە:

١. سەرەتا لە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی و بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان و سەرچاوەی دیکەدا بە دوای وشە و زاراوەدا بگەڕێن.

٢. ئەگەر لەو سەرچاوانەی پێشووەوە وشەی لەبار و گونجاویان دەستنەکەوت، ئەوا دەبێت لیژنەکە پەنا بۆ یەکێک لەم دوو ڕێگەیانە ببات:

یەکەم: بە پشتبەستن بە یاسا ڕێزمانییەکانی کوردی، لە ڕێگەی داڕشتنەوە بێت، یا لێکدان، یاخود هەر ڕێگەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی زاراوە بێت، زاراوەیەکی نوێ بۆ کەرەستە بەرهەمهاتووەکە دابنێت.

دووەم: خۆ ئەگەر نەیانتوانی زاراوەی گونجاوی بۆ دابڕێژن، ئەوا دەبێت، بە پێی چەند بنەمایەکی واتایی و زاراوەسازی(*) پەنا بۆ ئەو زمانانە ببەن، کە لە زمانی کوردییەوە نزیکن و زاراوەیان لێوە وەربگرن. دیارە نزیکترین زمانیش لە کوردییەوە زمانی فارسییە، ئەمە جگە لەوەش، کە زمانی فارسی خزمەتێکی زۆری کراوە، دەکرێت وشە و زاراوەی

---

(*) **بۆ زانیاری زیادتر دەربارەی ئەم بنەمایانە، دەکرێت سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێت:**

✐ نەبەز، جەمال (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بامبێرگ، ئەڵمانیا، لا ٧٦ – ٧٧.

✐ عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، لا ١٣٨ – ١٣٩.

✐ تاهیر، شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٢)، بنەما و پێکهاتەی زاراوە لە زمانی کوردیدا، یەکەم چاپ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، لا٢٦٦ – ٢٦٩.

زۆری لێوەربگرین، بێ گوێدانە ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە لەبەر ئەوەی فارس هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە زمانی کوردی بکاتە بەشێک یا شێوەیەک لە زمانەکەی، نابێت زاراوە و وشەی لێوە وەربگرین. هەرکاتێکیش لە زمانی فارسیدا زاراوەیان دەستنەکەوت، دەبێت پەنا بەرنە بەر ئەو زمانانەی، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا سەر بە یەک خێزانە زمانن، لەم ڕووەشەوە زمانی ئینگلیزی باشترین و گونجاوترین سەرچاوەیە. ئەمە سەربارەی ئەوەی لە زاراوەسازیدا، ئێمەی کورد دەکرێت سوود لە زمانی عەرەبیش وەربگرین، چونکە جگە لەوەی زمانی عەرەبی لەگەڵ زمانی کوردیدا دوو زمانی فەرمین لە کۆماری عێراقی فیدڕاڵدا، لە هەمان کاتدا زمانی قورئانی پیرۆزە و خزمەتێکی زۆریشی کراوە.

لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، ئەوەش بگوترێت: لە زاراوەسازیدا بۆ سەرکەوتن و ڕۆیشتنی زاراوەی وەرگیراو و ڕۆنراو لە ناو خەڵکیدا دوو ماف هەیە، کە پێویستە لەبەرچاوبگیرێن، ئەوانیش:

✐ <u>مـافـی زمـــان</u>: مەبەست لە مافی زمان ئەوەیە، کە دەبێت لە کاتی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی وشە و زاراوەی نوێدا پابەندی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی بین و سەلامەتیی زمانەکەمان بپارێزین.

✐ <u>مافی ئاخێوەران</u>: ئاخێوەرانی زمان، خۆیان داهێنەر و داینەمۆی پێشکەوتنی زمانن، ئەو وشە و زاراوە نوێیانەی کە دادەهێنرێن، جێگەی خۆیان لە ناو خەڵکیدا ناگرن و ناڕۆن، ئەگەر ئەوان تێیدا بەشدارنەبن و، لەگەڵ سەلیقەیاندا نەگونجێن (جان، ٢٠٠٨ : ٣٣٧). بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، لەم ساڵانەی دواییدا چەندین زاراوەی نوێ پێشنیازکران، بۆ نموونە (هەڵبەست) بۆ (شیعر) و (هەستیار) بۆ (شاعیر) و (پێنووس) بۆ (قەڵەم) و (پەندیار) بۆ (حەکیم) و (پەندیاری) بۆ (حیکمە) و ... تاد. هەندێک لەم زاراوانە ئەگەرچی لە لایەن کۆڕی زانیارییەوە پێشنیازکراون، کەچی تا ئێستاش خەڵک زیادتر بە زاراوە عەرەبییەکان ئاشنان و

بەکاریاندەهێنن، بۆیە مەرج نییە بە تەنیا کاری لیژنە و بوونی مەرجی یاسا زمانییەکان ببێتە هۆی ڕۆیشتن و جێگیربوونی زاراوەکە، بەڵکو سەرەنجام ئەوەی بڕیار لەسەر پەسەندکردنی دەدات خەڵکە، کە ڕەنگە وەریبگرن و بەکاریبهێنن، دەگونجێت پەسەندنەکرێت و بە نوێباوی بمێنێتەوە....

## ئەنجامەکان

**لە شیکردنەوەی درکپێکراوەکانی نێو توێژینەوەکە دەگەینە ئەوەی:**

١. بوار و مەیدانی زاراوەسازیی کوردی زۆرتر ئاسایی و نافەرمییە، بە واتایەکی دیکە زاراوەسازیی کوردی ناوچەیی و تاکەکەسییە، چونکە پلانسازیی زمان و زاراوەسازی لەئارادا نییە، هەر ئەمەشە وایکردووە زۆرجار لە دانان و وەرگرتنی زاراوەدا پێوەر و بنەماکانی زاراوەسازی پێڕەونەکرێت.

٢. ڕێکخستن و جڵەوگیری لە وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانێکدا ـ تایبەت کەمکردنەوەی دیاردەکەـ تەنیا بە دامەزراندنی دەستگایەکی ئەکادیمیی زاراوەسازی دەبێت، ئەمەش بۆئەوەی هەر کات دیاردە و بابەتێکی نوێ هاتەئارا، پێش بڵاوبوونەوەی زاراوەی بۆ دابنرێت.

٣. وەرگرتنی وشە و زاراوە، ئەگەر هەڵقوڵاوی پێویستییەکان بێت، یا بۆ پڕکردنەوەی کەماسییەکان بێت، ئەوا زیان بە زمانەکە ناگەیەنێت، و بە نیشانەی دواکەوتوویی هەژمارناکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە نیشانەی زیندوویی نەتەوە و زمانەکەیە، چونکە زمانی کۆمەڵی دوورەپەرێز پەیکاڵ بەو زمان و نەتەوانەی تێکەڵبوون و پەیوەندیی جۆراوجۆریان لەگەڵ زمان و نەتەوەکانی دیکەدا هەیە، کەمتر ئەم دیاردەیە دەیگرێتەوە.

٤. هەموو زمانێک لە گێتیدا وەرگرتنی وشە و زاراوە بە هۆی چەند هۆکارێکی ناوەکی و دەرەکی دیاریکراو تێیدا ڕوودەدات، هەریەک لەم هۆکارانەش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، یا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێن.

٥. بارودۆخی تایبەتی کوردستان لە ڕووی سیاسی و پارچەپارچەبوونەوە وایکردووە، کێشەی زاراوەسازیی کوردی لە زۆر زمانی دیکە ئاڵۆزتر بێت، ئەم ئاڵۆزی و ئاریشانەشی تەنیا لە ڕێگەی پلانسازیی زمان و زاراوەسازییەوە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دوور لە هەموو هەستێکی ناوچەگەری و دیالێکتچیەتی چارەسەردەکرێن.

٦. زمانی کوردی زۆرتر کارتێکراوە، لەوەی کارتێکەربێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی زمانی کوردی سەرچاوەی داهێنان و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن نییە، هەروەها خاوەنی دەوڵەت و دەستەڵاتی سیاسیی یەکگرتوو نییە، کەمتر وشە و زاراوەکانی لە لایەن زمانانی دیکەوە وەرگیراون، بەڵکو بە پێچەوانەوە وشە و زاراوەی لە زمانەکانەوە وەرگرتووە.

٧. وەرگرتن و گواستنەوەی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا، وەک زۆر لایەن و بابەتی دیکە لە فرەزاراوەیی و ڕای جیاوازی نووسەران و توێژەران بەدەرنییە، ئەوەی جێگەی مەترسیش بێت وەرگرتن لە پێناو ئارەزوو و خۆدەرخستنە، یا وەرگرتن لە زمانی دووەمەوە، لەگەڵ وەرگرتنی ڕاستەوخۆ بێدەستکارییە.

## سەرچاوەکان

## یەکەم: بە زمانی کوردی


- ئەمین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٧)، *پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن*، یەکهەم چاپ، (بێ چاپخانە)، ئەڵمانیا ـ بەرلین.
- باڵدار، ئیبراهیم امین (١٩٨٦)، *زاراوەو زمان لە کاروانی زانیاری ئەمرۆدا*، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٢)، بەغداد.
- برزو، ئومێد بارزان & حەمید، هێرش کەریم (٢٠١٧)، *بەریەککەوتنی زمانەکان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٣)ی تایبەت بە (کۆنفرانسی کاریگەریی زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.
- بەسیر، کامل حەسەن (١٩٧٩)، *زاراوەی کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن*، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- بەسیر، کامیل حەسەن (٢٠١٣)، *بەراوردکارییەک لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا*، دوهەم چاپ، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- پور، هەژیر عەبدوڵلا (٢٠٠٨)، *فەرهەنگی هەژیر* (فارسی ـ کوردی)، [بەرگی یەکهەم + بەرگی دوهەم]، یەکهەم چاپ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- تاهیر، شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٢)، *بنەما و پێکهاتەی زاراوە لە زمانی کوردیدا*، یەکهەم چاپ، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

- تۆفیق، قەیس کاکل (٢٠٠٧)، *ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان (ڕوانینێک)*، یەکەم چاپ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

- حەمید، ساکار ئەنوەر (٢٠٠٩)، *وشە خواستن لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی ئیتمۆلۆجییە)*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥)، *فەرهەنگی خاڵ*، دوهەم چاپ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، *زمانی ستانداردی کوردی*، یەکەم چاپ، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

- ڕەحیمی، کامیران (١٣٨٥)، *خەسارناسی وشەسازی لە زمانی کوردیدا*، گۆڤاری زمانەوانی، ژمارە (٣)ی زستان، ڕێکخراوی زماننناسی کوردستان، هەولێر.

- ڕەسوڵ، سوداد (٢٠١٠)، جوت *ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپور و ئەفسانەکەی*، هەفتەنامەی هەولێر، ژمارە (٤١)ی تەمموز، هەولێر.

- زەبیحی، عبدالرحمن (١٩٧٨)، ڕەخنەی *زانستییانە یا شەلم کوێرم هیچ نابوێرم*، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٧١)، بەغدا.

- سالّح، دەرون عبدالرحمن (٢٠١٢)، *ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا*، یەکەم چاپ، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- سورخی، ڕەحیم قادر (٢٠١٤)، *پلانی زاراوەسازی لە تیۆری پلانی زماندا*، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٨) لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- سەید مینە، مستەفا (٢٠٠٧)، *با چیدی زمانەکەمان نەشێوێ!*، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە (١٤٨)ی بەهار، چاپخانەی منارە، هەولێر.

- شوانی، ڕەفیق (٢٠٠١)، *چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی*، یەکهەم چاپ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- شوانی، ڕەفیق (٢٠١٤)، *وشەسازیی زمانی کوردی ـ لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکییە*، دوهەم چاپ، دەزگای هەواڵ، کۆمەڵگای چاپخانەی داودی، کەرکوک.

- عومەر، تەلار صباح (٢٠١٧)، *فەرهەنگسازی و ڕۆڵی لە پەرەسەندن و دەوڵەمەندکردنی زماندا*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٣)ی تایبەت بە (کۆنفرانسی کاریگەریی زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.

- عەبدول، جەمال (٢٠٠٨) (A)، *بەرکولێکی زانستی زاراوەسازی کوردی*، دوهەم چاپ، چاپخانەی قەشەنگ، سلێمانی.

- عەبدول، جەمال (٢٠٠٨) (B)، *زاراوەسازی و زانستاندنی زمانی کوردی*، ئەکادیمی ـ گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە (٧)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- عەبدولڕحمان، عەبدولسەلام سالار (٢٠٠٠)، *ڕەوانبێژی لە شیعری نالیدا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵڵا (٢٠١٩)، *وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نوسیندا*، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧)، *فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی*، یەکهەم چاپ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

- غەریب، کەمال جەلال (٢٠١٢)، *پڕۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی*، دوهەم چاپ، چاپخانەی ئاراس، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- فتاح، محمد معروف (٢٠١١)، *زمانەوانی*، سێهەم چاپ، بڵاوکراوەی ئەکادمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- قەرەداغی، حەمە ڕەشید (٢٠١٢)، *فەرهەنگی ئازادی* (ئینگلیزی ـ کوردی)، سێهەم چاپ، لە نەشری ئیحسان چاپکراوە.

- قەرەداغی، مهاباد (٢٠٠٠)، *زمان و ناسنامە*، یەکهەم چاپ، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندیی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، ستۆکهۆڵم.

- کەریم، ڕزگار (٢٠٠٦)، *فەرهەنگی دەریا* (عەرەبی ـ کوردی)، [بەشی یەکهەم + بەشی دوهەم]، دوهەم چاپ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیاری، چاپخانەی مەهارەت، سلێمانی.

- محەمەد، مەسعود (٢٠١١)، *زاراوەسازیی پێوانە*، دوهەم چاپ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- محمد، هیدایەت عبدالله (٢٠٠٧)، *وشە و زاراوەی خوازراو و سەپێنراو لە زمانی کوردیدا*، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە (٢١)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- موکریانی، گیوی (١٩٩٩)، *فەرهەنگی کوردستان*، یەکەم چاپ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- ناوخۆش، سەلام (٢٠١٠)، *ستاندەربونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان*، یەکەم چاپ، ڕێکخراوی زماننناسی، چاپخانەی منارە، هەولێر.

- نظام الدین، فاضل (١٩٧٧)، *ئەستێرەگەشە* (فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی)یە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، مطبعة الاجیال، بغداد.

- نەبەز، جەمال (١٩٧٦)، *زمانی یەکگرتوی کوردی*، بامبێرگ، (بێ چاپخانە)، ئەڵمانیا.

- نضام الدین، فاضل (٢٠٠٧)، *فەرهەنگی شیرین* (عەرەبی ـ کوردی)، چوارهەم چاپ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- وەسمان، محەمەد (٢٠٠٤)، *گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا*، یەکەم چاپ، (بێ چاپخانە)، هەولێر

- وەیس، غازی فاتح (١٩٨٦)، *ڕوناکبیری لە کتێبی (زمانی نەتەوایەتی)*، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١)، بەغدا.

- هەژار (١٣٦٩)، *هەنبانەبۆرینە* (فرهنگ کردی ـ فارسی)، یک جلدی، چاپ اول، سروش، تهران.

**دووەم: بە زمانی فارسی**


- صفوی، کورش (١٣٨٣)، *از زبانشناسی به ادبیات* (شعر)، جلد دوم، چاپ دوم، انتشارات سوره مهر، تهران.


**سێیەم: بە زمانی عەرەبی**


- أنيس، ابراهيم (١٩٧٨)، *من اسرار اللغة*، الطبعة السادسة، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
- بوطاجين، السعيد (٢٠٠٩)، *الترجمة والمصطلح*، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.
- جان، لويس (٢٠٠٨)، حرب *اللغات والسياسات اللغوية*، ترجمة: حسن حمزة، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
- الخولي، محمد على (١٩٨٢)، معجم *علم اللغة النظري (انكليزى ـ عربى)*، مكتبة لبنان، بيروت.
- غارمادي، جوليت (١٩٩٠)، *اللسانة الاجتماعية*، ترجمة: خليل أحمد خليل، دار الطليعة، بيروت.
- القاسمي، على (١٩٨٥)، *مقدمة فى علم المصطلع*، الطبعة الاولى، سلسلة الموسوعة الصغيرة (١٦٩)، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، بغداد.
- كولماس، فلوريان (٢٠٠٩)، *دليل السوسيولسانيات*، ترجمة: خالد الاشهب و ماجيدولين النهيبي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

- النعيمي، حسام سعيد (١٩٨٠)، *الدراسات اللهجية والصوتية عند ابن جني*، سلسلة دراسات (٢٣٤)، دارالرشيد للنشر، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، الجمهورية العراقية.

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**

- Cooper, R. (1989), *Language planning and social change*, Cambridge: Cambridge university press.

- Crystal, D. (2003), *A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Fifth Edition*, Oxford Black Well.

- Drame. M. A. (2009), *terminology policies and communication for social change: prompting Linguistic Diversity and Terminology In South Africa*, Dissertation (PhD), Wein University.

- Edem. A. B. (2000). *Terminology and Language planning: an Alternative Framework Of Discourse And Practice*. Amesterdam/ Philadolhia: Jhon Benjamins.

- Hornby, A. S. (2001) *Oxford Advanced Learner's Dictionary*, sixth edition, Oxford University Press, New York.

- ISO 29383: 2010 (E). "*Terminology policies – Development and Implementation*". [online ] https://www.iso.org/standard/71971.html .

- Merriam Webster, *Dictionary [online]*.ww.merriam-ebster.com/dictionary/borrowing

- Pour, A. H. (1992), *Nationalism and Language in Kurdistan 1918 – 1985*, P.H.D. , Mellen Research University press, San Francisco.

**خلاصة البحث**

هذه الدراسة تدور في مجال علم المصطلحات، وتركز على استعارة الكلمات والمصطلحات من لغات أخرى إلى اللغة الكوردية مع الإشارة إلى أسباب حدوثها وأسسها وأساليبها وأنواعها في منظور الخطة اللغوية، وفي الحقيقة هذه العملية -الاستعارة- ليست مختصة باللغة الكوردية بل توجد في جميع اللغات؛ لأنها ليس هناك قوم أو شعب انقطعت علاقتها الاجتماعية والاقتصادية والجغرافية والمدنية ...الخ. بحيث تصبح لغته منعزلة وبعيدة عن التأثر باللغات العالمية واللغات المجاورة لها. ولاشك في أنازدياد المفاهيم والمعاني يأتي نتيجة لتقدم الحياة وتطورها، وهذا -يوميا- يجعل وجود كلمات ومصطلحات في شتى مجالات الحياة ضرورة لا مفر منها، لذا فإن الهدف في هذا البحث هو إبداء أهمية خطة استعارة الكلمات والمصطلحات ضمن الخطط اللغوية من أجل تطوير اللغة الكوردية وتيسير الحصول على العلوم الحديثة لمسايرة الحياة في عصر العولمة.

وقد أجريت الدراسة على المنهج الوصفي، وطبيعة العمل اقتضى تقسمه على أربعة محاور -إضافة إلى مقدمة للولوج في الموضوع:

فأما المحور الأول قد خصصناه لعرض "موجز حول الاستعارة وعملية القيام بها"، وأما الثاني تم فيه ذكر "أسس الاستعارة وأسباب وجودها"، وأما المحور الثالث قد ألقي الضوء فيه على "كيفية الاستعارة والهدف من القيام بها إضافة إلى أنواعها ومصادرها" في اللغة الكوردية وذلك عن طريق عرض النماذج وتوضيحات كافية، وأما المحور الرابع والأخير والذي قد جاء تحت عنوان "خطة علم المصطلحات في سياسة اللغة وتخطيتها لاستعارة الكلمات والمصطلحات" ففي البداية تناولنا سياسة اللغة وخطتها وعلم المصطلحات في إطارها النظري، ثم تناولنا خطة المصطلحات في علم المصطلحات الكوردية مع الإشارة إلى أهميتها.

النتائج الحاصلة وإتيان قائمة المصادر والمراجع إضافة إلى هذا الملخص أصبحت خاتمة لهذا الجهد.

الكلمات المفتاحية: علم المصطلحات، الاستعارة، الأسباب، الخطة اللغوية، خطة علم المصطلحات، الكلمة والمصطلح.

**Summary**

This research is related to the terminology field. It deals with borrowing words and terms from other languages to Kurdish language, the reasons, the principles, the methods, and the types according to the point of view of language planning. In fact, the process of –borrowing- exists in all the other languages and it is not specified to Kurdish Language only. Because it is difficult to find a remote nation, without social, business, geographical, civil, and… etc. relations, in order to have an isolated language far from the influence of global languages and neighbor languages. Moreover, the increasing of concepts and connotations is the result of the progress and development of life which requires many words and terms in various fields. Thus, the purpose of this study is to include the importance of planning in the process of borrowing words and terms into Kurdish Language within the language planning to improve and progress Kurdish language and enable the speakers to have access to this new knowledge and science in the process of globalization.

Descriptive-Analysis method has been implemented in writing this research. The nature of the study has required, in addition to the preface which is a gate to introduce the subject, to divide the study into four main sections:

The first section is "the summary about borrowing and the process of borrowing".

The second section is devoted to the "principles and motives for borrowing words and terms".